

KURDISTAN
گۆڕەوی ئەوین
نووسینی: سەنگەر شنۆیی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی
سەرچاوە
Serchawe

(کۆڕەوی ئەوین) بخوێننەوە






کۆڕەوی ئەوین – نووسینی: سەنگەر شنۆیی

چیرۆکێک گەر کاکڵەکەی راستی بێت و ئاوێتەی خەیاڵ نەبێت، دیسان خۆی بە توێکڵی خەیاڵ داپۆشیوە. ئەگەر ناوەرۆکەکەی خەیاڵیش بێت، بە دووربینی حەقیقەتەوە سەیری بکەن.. جار هەیە چ بارودۆخی ژیان بێ، یان کاردانەوەی کۆمەڵگا، ناکرێت وەک خۆی دیمەنەکان بگێڕدرێنەوە، بۆیە لە نووسینی رۆماندا، ریالیزم دەبێت بەرگی رۆمانتیزم لەبەربکات و بە رێچکەیەکدا بڕوات کە نووسەر بۆی ناکرێ و ناتوانێ خۆی لێ لابدات..

چیرۆکی (کۆڕەوی ئەوین) کە پەیوەندی بە هەستێکی ئەویندارانە و خەیاڵێکی عاشقانەوە هەیە، ئەوانەی تامەزرۆی خوێندنەوەی باسی ئەویندارین رەنگە چێژێکیان پێببەخشێ، ئەگەر هیچ چێژ و تامێکیشی تێدا نەبێت، خاوەن بەهرەکان لە کۆدانی وشە و رستەکان بۆ دانانی دیواری رۆمانێکی لەو شێوەیە دەتوانن سوود لە خشت و کەرپووچەکانی وەربگرن.

زۆر جار هاوڕێیان و دۆستانی من، ئەوانەی بڕوکەیەک نووسینە کرچ و کاڵەکانم ختووکەیان دەدا و بە وتەی خۆیان پێی سەرسامن، گلەیی ئەوە دەکەن بۆچی نووسینەکانت ناکەی بە کتێب بۆ ئەوەی هەم ببێتە ناسنامەیەک بۆ ناسینت و هەم خوێنەرانیش لێی بێبەش نەبن. بۆچوونەکەی من لەو بارەوە ئاوایە! بەداخەوە بەهۆی گۆڕینی سەردەم بەرەو قۆناغێکی دیکە، خوێندنەوە بەشێوەی کلاسیک و لەسەر کاغەز وەکو پێشوو گرنگی خۆی نەماوە و لە برەو کەوتووە، ئەگینا بۆ چەند ملیۆن کەسێک چۆن دەبێت تیراژی کتێب ٥٠٠ دانە بێت! لەو ژمارەیەش چارەگێکیشی نەفرۆشرێت! نووسەر هەیە هێشتاش زیاتر لە نیوەی کتێبەکانی لە گۆشەیەکی ماڵەکەیدا ماونەتەوە، هەرچەندە زۆریشی هەر بە دیاری بە دۆستانی بەخشیون.

هۆکاری نەخوێندنەوە زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا ناکرێ شیکاری بۆ بکەم و بە وردی باسی بکەم. بەڵام ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەبێتەوە، هەم بۆچوونی لەسەر دەردەبڕدرێ و رەخنەی لێدەگیردرێ، هەم نووسەرەکەشی هاندەدرێ و بارەقەڵای پێدەگوترێ! مەبەستی نووسەریش گەیاندنی پەیامەکەیەتی، ئەگینا کەم کەس هەیە بە کتێب چاپکردن دەوڵەمەند بووبێ و پارووی لە رۆنی کەوتبێ.

خوێنەری بەڕێز ئەوەی بڵاودەبێتەوە، خۆت چۆن پێخۆشە وای دابنێ و دەیخەیە ناو چ ژانرێکی ئەدەبییەوە وای حیساب بۆ بکە. بەمزووانە بە زنجیرە بڵاوی دەکەمەوە..

------



سەرچاوە
Serchawe

# کۆڕەوی ئەوین

خۆزگە ئەوەی نووسیوومە، چیرۆکێک یا زادەی خەیاڵ و فەنتازیا و بیرکردنەوەم بایە، خۆزگە ورینەیەک بایە وەک هەزاران ئەو ورێنە و خەیاڵانەی رۆژانە مێشک و زەینمیان کردۆتە شا رێگایەکی خێرا، یان خەونێک وەک هەزاران لەو مۆتەکە و خەونە ناخۆشانەی دەیانبینم..

رەنگە زۆربەتان بە خوێندنەوەی ئەم ورێنەیە لێم بپرسن؟ باشە بۆ دوای تێپەڕینی زیاتر لە سی ساڵ تازە پەردە لەسەر ئەم رازە هەڵدەدەیەوە، زەوی بیرەوەرییەکی کۆنت تازە بە تازە وەرد دەدەیەوە؟ باشە بۆ وەک هەزاران رازی سەربەمۆری دی بۆ دیداری ئەبەدی هەڵتنەگرت و مۆرت لێنەدەدا..

دەمویست ئەوە بکەم، رازێک کە زیاتر لە سی ساڵ دەبێ لەناو شەپۆلی هەناسە و رەگی خوێنمدا خۆی شاردۆتەوە، هەروا بە مۆر و مۆم لێدراوی بیهێڵێمەوە.. بەڵام چ بکەم بە دوای کۆچی یەکجاری (فریشتە) هەموو تان و پۆی ژیانم کەوتۆتە هەژین، چ هەست هەژێن و دڵهەژێنکە لە ناخمدا بەهیچ پێوەری ریختەرێک تۆمار ناکرێ. خەونەکانم ئاڵۆزن و لە فیلمە ترسهێنەرەکان دەچن! خەونی چی بڵێم زیندە خەون، بڵێم مۆتەکە، لە نێوان خەو و بێداری دام! وەنەوزێک دەدەم فریشتە لە خەونمدایە، رادەبم بەرەو روومە..

چەند رۆژێک لەمەوبەر خزمێکی نزیک پەیوەندی پێوەکردم و دوای چاک و چۆنی پرسی، ئەرێ نایەی بۆ سەرەخۆشی؟ گوتم ئی کێ؟

- گوتی بۆ نەتزانیوە فریشتە مردووە؟!

- بەراستیتە؟ دەمزانی باسی چ (فریشتە)یەک دەکا، چونکە لە خزمانی نزیکی ئێمە تەنیا کەسێکمان بەو ناوە هەیە. بۆ ئەوەی کە لەچوون بۆ پرسە و سەرەخۆشی خۆم بدزمەوە وتم، ئەمرۆ پێم ناکرێ و سبەی دێم!

هەر چرکەیەک چاوەڕێی ئەو هەواڵە تاڵە بووم، مەرگی فریشتە بۆ من و ئەوانەی لە نزیکەوە فریشتەیان دەناسی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو. دەمەویست نەچم و لە کوڵ خۆمی کەمەوە، بەڵام من یەکێک لە خزمە نزیکەکانی فریشتەم، چۆن دەبێ نەچم!

دەزانم بۆ ناچم، چونکە ناتوانم لە دوا دیمەنی ماڵئاوایی فریشتە بەشدار بم، خۆم پێناگیرێ و تابووتەکەی فریشتە دەبێت بۆ هەمیشە لەسەر شان دانێم! راستە فریشتە بە نەخۆشی مرد، ئەویش ئەو نەخۆشیە کە بەدەردە کوشندەکە ناسراوە و شێرپەنجەی پێدەڵێن و وەک شێرێک پەنجە دەخاتە ناو رەگ و، تاڵ تاڵی خانەکانی جەستە لەبەریەک هەڵدەوەشێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا باش دەزانم یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکە من بووم. من و چارەنووس و من و نەهامەتییەکانی ژیان، پێکەوە دەستمان لە بیناقاقای فریشتە نا، پێکەوە پەتەکەمان لە ملی هاڵاند و بەرەو دونیای دیکەمان برد.

------

من و فریشتە خزمی نزیکی یەکین، بەڵام سنوورە دەستکردەکان ئێمەیان لە زۆربەی خزم و دۆستانی ئەو دیوەی پەرژین، نامۆ و بێگانە کردووە، ئاخر ئەوان ئێستاکە بوونەتە گەرمێنیێ و ئێمە کوێستانی، ئەوان عێراقین و ئێمە ئێرانی.. کۆڕەوە و ئاوارە بوون بەرەو ئەم دیوەی سنوور، ئەگەر بۆ زۆر کەسی ئەم دیوەی گەرمێن، پڕ بوو لە نەهامەتی و مەرگ و نەخۆشی و ناخۆشی، بۆ خزمانی ئێمە و بۆ ئێمەش وانەبوو. بۆ ئەوان دیدار نوێکردنەوە لەگەڵ خزمانی ئەو دیو بوو، پێکەوە شاد بوونەوە لەگەڵ یەک و ئاشنا بوون و ناسینی گشت ئەوانەی لەم دیوەی سنوور بوون و بۆ ئێمەش هەروا. لەو سەروبەندەدا (فریشتە)م دیت، ئەو لە حەڤدەهەمین بەهاری تەمەنیدا و منیش لە بیستەمین پایزی ژیاندا..

کۆڕەو و راپەڕین ئەگەر بۆ خەڵکی باشوور، نەهامەتی و ناخۆشی و دەردەسەری و ئاوارەیی بە دواوە بوو، بۆ من ئازارەکەی زۆر لەوە بە ژانتر بوو، بۆ من هەڵدانەوەی ئەو برینانە بوو کە بەینێک بوو قەتماغەیان بەستبوو، بۆ من دیسان هەڵگیرسانی ئاگرێک بوو کە سێ ساڵ بەر لە راپەڕینەکە لە باشوور کلپەی سەند و هەموو تەمەن و جەستە و رۆحمی پێکەوە سووتاند. پەیکەرەی ژیانمی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە، پشکۆی ئەو ئاگرە کە ئێستا تەمەنم لە نیوسەدەش لایداوە، بە کزیش بێ تینی خۆی هەرماوە. نازانم چ ناوێکی لێ بنێم، ئەوین، خۆشەویستی، عەشق، هەڵچوونی شەپۆلی دەریای ناخ و دەروون.. بەڕاستی پاش زیاتر لە سی ساڵیش هێشتا لە هیچ قامووس و فەرهەنگێکدا ناوێکی پڕ بەخۆیم بۆ نەدۆزراوەتەوە..

سێ ساڵ بەر لە راپەڕینەکە، چاوم پێیکەوت و ناسیم، ئەو ناسین و چاوپێکەوتنە بوو بەهۆی ئەوەی هەویری ژیانم بە جۆرێکی دیکە بشێلنەوە، لە چوارچێوەیەکی دیکە خرام، هەموو شتێکم کردە قوربانی لە پێناویدا. کەسایەتی، تەمەنی گەنجی و چەقبەستن لە دۆخێکدا بەبێ ئامانج! هەموو ئەمانە بەرهەمی ئەو یەکتر ناسینە بوو..

عاشقی کەسێک بووم کە هێشتا لە بێشکەدا بوو ژیانی داهاتوویان بۆ دیاری کردبوو.. عاشقی چی؟ بڵێ مردن، بڵێ هەزارجار

خۆزگە بە مردن خواستن، دەزانم هەرکەسێک لە تەمەنیدا بۆ یەکجاریش بێ عاشق بووە، بەڵام کەمن ئەوانەی ئەو ئازارە تێکیان بشکێنێ و هەموو هەستێکیان داگیر بکا، کەمن ئەوانەی هەموو شتێکی لە پێناوادادەنێن، ئەوەی تەنیا جارێک ئەو ئازارەی چێشتبێ دەزانێ باس لە چ ژانێک دەکەم.

زۆر رێگام تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی خۆم خۆم لەبیر بەرمەوە، هەموو شتێک لە زەینمدا بسڕمەوە، بە قەولی ئەم سەردەمە، کۆمپیوتەری یادەوەرییەکانم فۆرمات بکەمەوە و بیگەنمەوە بە خاڵی سیفر و بە هیچ جۆرێ فایل و داتاکانی نەگەڕێنەوە. پرس و رام بە سەدان کەس کرد، زۆر کەس تەشەر و گاڵتەیان پێدەکردم، ئی واش هەبوو خەفەتیان دەخوارد و دڵیان دەدامەوە کە ئەمە قۆناغێکی هەرزەکارییە و بەسەر دەچێ و ئێمەش ئەو قۆناغەمان بڕیوە و تۆش خۆراگر بە.. لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە چارەسەری ئەم پەتایە بکەم و خۆم بدەمە دەستی فەرامۆشییەوە، لەم دیوەی سنوورەوە بەرەو ئەو دیوی سنوور گەڕامەوە.. ویستم هەستمەوە سەرپێی و سەرلەنوێ ببمەوە بەخۆم، ویستم لە شانۆی ژیاندا ئەکتەرێکی دیکە بم و رۆڵێکی دیکە بگێڕم و بەکردەوە گێڕاشم.. بە رواڵەت وابوو، بەڵام لەناخمدا هیچ گۆڕانێک رووی نەدابوو، خۆمم فریودەدا. ئەخۆشی بوون بە دوو کەسایەتی جیاواز بەتەواوی لە مندا سەری هەڵدابوو، من دوو کەسایەتی بووم، کەسایەتی ناخ و دەروونم لەگەڵ کەسایەتی رواڵەتی و بەدەرەوەم زۆر لێک جیاواز بوون. هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو دوو لایەنە پێکەوە لە ململانێ دان و جار هەیە بە ئارامی دەدوێن و جار هەیە دەنگ بەرز دەکەنەوە، لەو دەنگ بەرزکردنەوەدا ئەوانەی لێم نزیکن، لێم دەپرسن ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی و دەڵێی شێتی لەبەرخۆتەوە هەر ورتەت دێ. بۆ ئەوەی نەڵێم لەناخمدا هەرایەکە هەر مەپرسە بە درۆ دەڵێم، نا نا ئەوە شیعرێک بوو دەمگوتەوە.. زۆریان دەڵێن وایە بۆیە دەڵێن شاعیر و شێت وەک یەکن و هەر ورێنە دەکەن. بەڵێ (لێکدانەوەی دەروون قسەی زمانم، بۆچی وەها دوورن لێک؟ نازانم).

پاش تێپەڕینی سێ ساڵ هەرچەندە بیرم لە هیچ کەسێکی دیکە نەدەکردەوە و لە رەگەزی بەرامبەر بێزار بووم، بەڵام هەستم بەوەی دەکرد کە گۆڕانێک پێکهاتووە و ئەگەر درێژەی پێبدەم و دەکەومەوە سەرپێ، بەتایبەتی کە خووم بە خوێندنەوە گرتبوو، وەک ئەو قسە باوەی دەڵێن ببوومە کرمی کتێبان، ئەگەر رۆژگار بە ویستی من گەڕابا و ئاواش چووبا پێش، ژیانم بە جۆرێکی دیکە دەگۆڕا، بەڵام لە پڕێکدا برینی کۆنە ئەوین وەژان کەوتەوە.

کە کۆڕەو و ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستانی گەرمێن دەستی پێکرد، جارێکی دیکە کەوتمەوە دڵە خورپە، دەمزانی ئەوەی وەسەرێکم ناوە لەم ماوەیەدا لە دەستم دەچێ و سەرلەنوێ ریسەکەم لێدەبێتەوە خوری، دەمزانی عەشقی کۆن بە گوڕتر لە جاران دەست پێدەکاتەوە، کەسایەتییەکەی رواڵەتیم ناتوانێ کەسایەتی ناخم ببەزێنێ..



سەرچاوە
Serchawe

وەک گوتم بە رواڵەت و بە بیر و هزر و لە شێوازی ژیاندا بە کورتی لە هەموو شتێکدا گۆڕانم لەخۆمدا پێکهێنابوو، ئەو گۆڕانە وایکردبوو هەرچەندە تەمەنێکی وام نەبوو بەڵام ببووم بە مەلا و پێشنوێژی ناوچەیەک و هەر یەک گوند نا، بەڵکو بە نۆ گوندان منیان مەلا بووم، وەک دەڵێن دێیەک مەلای لێنەبێ ، بە کەڵەباب دەڵێن بولقاسم و منیش ببوومە بولقاسمی چەند کوێرە دێیەک. بەڵام، بەڵام کۆڕەوی ئەم دیو دیسان کوورەی ئەوینمی بە گوڕتر لە جاران هەڵگیرساندەوە. ئەوکات هەواڵەکان باسی کوڕەوی بە کۆمەڵی بەشە گەرمێنی کوردستانیان دەکرد، دەمزانی زۆری پێناچێ ماڵی ئێمە و ماڵی خزمانی دێوی کوێستان، دەبێتە هەواری زۆربەی ئەو خزم و کەسانەی لە دیوی گەرمێن ئاوارە دەبن. ترس و دڵەخورپە هەموو ژیانمی داگرتبوو، کە خوا نەکا جارێکی دیکە چاوم بە چاوی بکەوێتەوە و دان بەخۆمدا نەگرم، ببمە بە شێخی ئەویندار و بە مەلایەتی وە کێوان کەوم. بۆیە لە پاڕانەوەی پێش نوێژ و دوای نوێژدا سەدان جار داوام دەکرد کە نەگەڕێمەوە سەر دۆخی جاران، چ دوعایەک گیرا دەبێ بە کوردی و عەرەبی دەمگوتنەوە، زۆر جار بە کوڵ دەگریام و ئەوانەی لە مزگەوت بوون پێیان وابوو، هەستی ئیمان و بڕوام ئەوەندە بەهێزە لە خواناسیدا گەیشتوومەتە لووتکە...

زۆری نەخایاند خزمانی گەرمیان گەیشتن و پاش کەمتر لە سێ ساڵ یەکترمان دیتەوە، بەیەکەم نیگا نەخشەی ئەلکترۆنی وایەرەکانی مێشکم تێکەڵی کرد و کۆمپیوتەری مێشک و دڵم فۆرمات بوویەوە، هەموو ئەو فایلانەی سڕیبوونمەوەو و سەرلەنوێ گەڕانەوە و سیستەمە کۆنەکەم لەسەر داندرایەوە. دەمویست هەرچۆنێک بێ خۆم لە نیگاکان بدزمەوە و گۆڕانەکە وا بە خێرایی هەست پێنەکرێ، بەڵام ئەوەی زمانی چاوەکان دەریدەبڕی لەگەڵ هەڵسوکەوتم زۆر ناتەبا بوون.. ناخ و دەروو‌ونم لە بەریەک دابوون و لەبەرەیەک دا نەبوون.

یەکەمجار کە دیتمەوە لە ژوورێکی قەرەباڵغدا بووین، ژوورێک زۆر بە خورتی جێگای هەموو ئەو کەسانە دەبوۆوە لەوێ بوون، بەرلەوەی من هیچ قسەیەکم بکەم، (حەسەن دەرزی) لە کاسێتیە نوێیەکەدا کە چەندین جار ئەو گۆرانییە لێدرایەوە ئەوەی لە دڵمدا بوو دووپاتی دەکردەوە، (دەزانم ئازیز رۆژێک لە رۆژان.. برینی کۆنت لێدێتەوە ژان)، نەک من و ئەو، بەڵکو ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون و بە چیرۆکی ئەوینی ئێمەیان دەزانی لە ناوەرۆکی گۆرانییەکە دەگەیشتن کە دەڵێی بۆ ئێمە گوترابوو! یەکێک لە دانیشتوان بە ئەنقەست چەندین جار شریتەکەی هەڵدەگێڕایەوە و ئەو گۆرانییە سەرلەنوێ لێ دەدایەوە، بە گوێگرتن لە گۆرانییەکە ماشەری خەیاڵم وا تێک ئالا، بە هیچ جۆرێک بۆم نەدەچووە سەریەک و هەستی بیستنم لەدەستدا و جگە لە گۆرانییەکە هیچ دەنگێکی دیکەم نەدەبیست، هەموو ئازارەکانی پێشووم وەبیر هاتنەوە. ئاخر چەندە بە ئازارە برینێک قەتماغەی بەستبێ و بە نەشتەرێک جارێکی دیکە توێژاڵەکی لەسەر لابەری و زامەکە قووڵتر بێتەوە.

هەر لەو کاتەشدا بوو بۆ یەکەمجار (فریشتە)م لە نزیکەوە ناسی.. بۆم دەرکەوت کە فریشتە نزیکترین هاوڕێی ئەوە،

کەسێک کە هەموو تەمەنی منداڵیان پێکەوە بووە و بە هەموو رازێکی یەکتر دەزانن ..

ئەو سەردەم کە هیچ ئامرازێکی گەیاندن نەبوو، قاسید و پەیکی عاشقان بە قەولی شاعیر بای شەمال و سروەی بەیانی بوو، پێموابوو بۆ گەیاندنی پەیامی نێوانمان (فریشتە) باشترین پەیامهێنەرە..

چونکە ئەوینەکەی ئێمە لە راستیدا ئەوینەکەی من بەو، ببوو بە وێردی زمانان و هەموو لایەک دەیزانی، بۆیە هەموو چاوەکان لەسەر ئێمە ببوون بەسەد چاو، ئەوەی هیچ پەیوەندیشی پێوە نەبوو، توانجێکی داویشت. هەرکاتێک ویستبام بۆ ساتێکیش ببینم، چەند کەسێک دەهاتنە نێوانەوە.. لەو نێوەدا فریشتە ببوو بە تەتەر و پەیامهێنەرمان...

فریشتە لەگەڵ هەر پەیامێکدا کە دەیهێنا و دەیبرد، ئەوەی دووپات دەکردەوە خۆت و ئەویش ئازار مەدە، ئەوە قەت سەر ناگرێ، چما ئیزن دەدەن بۆ یەک ببن، مەگەر نازانی هێشتا ئەو راست و چەپی خۆی نەناسیبوو، ژیانی داهاتوویان بۆ دیاری کردووە. ئێمەی خەڵکی ئەو دیوی سنوور وەک ئێوە بیرناکەینەوە و وەک ئێوە پەروەردە نەکراوین، نەتەنیا سنووری جوگرافی، سنووری بیرکردنەوە و هزریشمان زۆرە، ئەگەر سنووری جوگرافیش نەمێنێ، قەت قەت سنوورەکانی دیکە لاناچن! ئەوین و خۆشەویستی و ئەو شتانە لەلای ئێمە تەنیا دەبنە هەوێنی شیعر و چیرۆکان، لە سنووری ئێوەدا سووتان و برژان و قوربانیدان لە پێناوخۆشەویستیدا هەر نییە، لەلای ئێوە کەس لەسەر خۆشەویستی سەربڕاوە؟ هەر بەراست لەلای ئێوە ئەوین و خۆشەویستی هەیە؟ پێموانییە هەبێ! چ پێویست بەوە دەکا! لێرە کاتێک کچ و کوڕ ئەوەی پێیان خۆش بێ هەڵیدەبژێرن و نە ماڵی باوان و نە کۆمەڵگاش هیچ بەربەستێک دروست ناکەن. کەوایە عەشق و ئەوین چ مانایەکی هەیە؟! لەلای ئێوە ئەگەر بەربەستیش بێ ئەوە وەک بیستوومە دەڵێن، (شەوی تاریک و رێگای باریک) و وەدووی یەک دەکەون. دوای ماوەیەک وەک ئەوەی هیچ لایەک نە بای دیبێ و نە بۆران پێکەوە ئاشت دەبنەوە و کچە دەچێتەوە سەرەووەی ماڵی باوانی.. لەلای ئێمە (وەدوو کەوتن) هەر نییە! وەدوو کەوتن یانی سەربڕین و کوشتنی هەردوولا! چما سەدەیەکیش بەسەردا رابرێ لێی خۆش دەبن؟!

(ئەوین) ئەگەر تۆشی بە دڵ خۆش بوێ وەڵامت ناداتەوە، نایهەوێ قەدەری ئەو وەک چارەنووسی فریشتەی خوشکمی لێبێ. فریشتە نەیهێشت بپرسم فریشتەی خوشکت کێیە بێ بڕانەوە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو گوتی:

فریشتە لە باوکمەوە خوشکم بوو، دایکمان لێکجیا بوون، دروست لە تەمەنی ئێستای مندا خۆی سووتاند و من بەناوی ئەووەوە کراوم.. تەنیا لەسەر ئەوەی کە ویستی بە دڵی خۆی کەسێک هەڵبژێرێ و وایان لێکرد خۆی بکاتە خۆڵەمێش.



سەرچاوە
Serchawe

قسەکانی فریشتە بۆ من وەک ژانبەرێکی ساتیی بوون، بە قسەکانی ئارام ئارام دەبوومەوە، بەڵام دڵم وەک منداڵێکی بزێو هەر بۆ ماوەیەکی کەم ئۆقرەی دەگرت و چاوەکانی (ئەوین) دیسانەوە دەیخستمەوە سەر ئاو و ئاگران..

-----

شەو و ئەوین دوانەیەکن، کت و مت وەک یەک دەچن، هەردووکیان پڕن لە رەمز و راز، هەردووکیان بە تارمایی داپۆشراون. ئەگەر ئەوین ساتی لە دایک بوونی هەبێت، بێگومان لە شەودا بووە. لە دونیای ئەویندا هیچ کات و ساتێکی دیاریکراو نییە، هەر شتێک نییە بە ناوی کات! بەڵام شەو ئای شەو لە هەموو ساتەکانی ناخۆشترە، شەو چ تاریکەشەو و دەیجور بێ، چ ساماڵ و مانگەشەو بۆ کەسی ئەویندار هەریەکە.. لەخۆوە نییە زۆربەی ئەو شیعر و هۆنراوانەی بۆ عەشق نووسراون باسی ئازاری ئەوینان لە شەودا کردووە.

هەردی شاعیر پڕ بە گەرووی کەریم کابان دەچریکێنێ و دەڵێ: (قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو، خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو..)

کەم نین ئەو گۆرانی و شیعرانەی باسی ئازارەکانی ئەوینیان لەشەودا نەکردبێ.. (دیسان شەو هات بۆ حاڵی من، بۆ دڵەکەی پڕ لە ناڵە ناڵی من)

هەر لە سەر لە ئێوارێ کە لە شار گەڕاومەتەوە ژانە ئەوین گرتوومی، ژانە ئەوین وەک هیچ ئازارێک نییە، وەک ژانە سەر و ژانە دڵ نییە، هەموو ئەندامەکان پێکەوە لە تاو ئازاری ئەوین دەچریکێنن. خۆت لەناو ئازارەکەتدا دەتوێیەوە، تەنانەت ئارامبەخش و ژان سڕکەرێکیش نییە کە هەر نەبێ تۆزێک لە ئازارەکەت کەم بکاتەوە..

ئێوارێ کە گەڕامەوە، دیتم ئەو قەرەباڵغەی کە لەماڵەوە بوو، وەک شانە مێروو هەردەم یەک دەهات و یەک دەچوو، ئەوە نەماوە. چەند رۆژێکە باسی گەڕانەوەی خەڵکی گەرمیان بۆ زێدی خۆیان دەکەن و دەڵێن ئەودیو تۆزێک ئارام بۆتەوە، بەو هەواڵە حەجیمن و ئۆقرەم لێبڕاوە. لەبەرخۆمەوە شیعرێکی وەفایی بە دەنگە ئاسمانییەکەی ماملێ وردێنە دەکەم.. (گا دەگریەم، گا دەسووتێم، غەرقی ئاو و ئاگرم.. ئاخ لەبەر بەختی سیا نازانم ئەز بۆچ نامرم).. گۆرانی (گوێم بۆ رادێرە بەس تەنیا ئەمشەو، لە دوو دیدەی من میوان نابێ خەو).. هەتا ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، ئەوکات نەمدەزانی کێ دەیچڕێ و شیعرەکە هی کێیە، بەڵام ئەوەندەم دەزانی ئەوە تەواو بۆ من گووتراوە.. شەوانە خۆم لە ئاوێنەی ئەو گۆرانییەدا دەدیتەوە. دەنگت بمێنێ (بەهجەت یەحیا) چەندت گریاندم.

لەبەر دەردە ئەوین هەر دێم و دەچم، ئەو ڕێگـایەی ڕۆژ و شەوانە لە تـاو ژانە ئەویندا هـاتووچۆی پێدادەکەم ئەوەنـدەی پێداچوومە وەک ڕێچکەی شانە مێروولەی لێهاتووە و تەواو هەست پێدەکرێ کە شوێن پێی کەسێکە.. شوێن پێی ئـازارێکە، گۆریچەی ئەوینێکە.

تێکڕا دەزانن بۆ وا دەکەم و لەو کاتە گەڕاوەمەتەوە حەجمین و هەدادانم نییە.. پوورم لەبەرخۆیەوە دەڵێت بەخوای لە تـاو عەشقێ شێت بووە! وەرە ئەو کوڕە زیرەکە بۆخۆی مەلای دوازدە عیلمە و نووشتوی وا دەکا ئـاوی لە بەردی دێنێ و شێت و هاڕی پێ چاک دەبێتەوە، ئێستا بۆخۆی شێت بووە. کەس ناوێرێ بیدوێنێ. ڕاست دەکەن کەس نـاوێرێ لەو سـاتەدا کە وەک دەروێشێک جەزم دەبم بمدوێنێ. ئەوەندە دەچمە ناخی خۆمەوە گوێم لە هیچ شتێک نابێ.

زانایانی بواری تەندروستی دەڵێن لە شەودا ئازارەکان بە ژانتر دەبن، دەردە ئەوینیش لە ڕیـزی ئازارەکـان دێت و لە شەودا هیچ ئازارێکی ناگاتێ..

دوای نیـوەڕۆ مـاڵی (ئەویـن) ڕۆیشـتوون، لەو پـۆرە هەنـگەی جـاران، تەنیـا ئەوەی غەوارە و خـۆیی نەبـن، (فریشـتە) و دایکیەتی. لەوەی کە فریشتە لەوێ ماوە باشترم، بەڵام لەو ماوەیەدا ڕەنگە هەزار پرسیاری بێ مانام لە بارەی (ئەویـن)ەوە لێکردبێ، بە هیچ کـام لە وەڵامەکـان سووکنایییم نـایە، بۆیە وەک فەقێیەکەی جـاران هەر دەور دەکەم (دەور = هـاتووچۆی فەقێیەک لە مەودایەکی کەمدا بـۆ لەبەرکردنـی دەرسـەکانی) و لە مەودایەکی کورتـدا دەخولێمەوە. لە جیهـانی خەیـاڵمدا هەزار جـار بـووکی ئـاواتم لە ئـامێز گرتـووە، شـاییم کـردووە و مـاڵم دانـاوە و وەچەم خستۆتەوە. لەو جیهـانە خەیـاڵییەدا دەنگی فریشتە مەقەستێکی بە هەودای خەیاڵمدا هێنا و بانگم دەکا.. مامۆستا نایەی چایەکی بخۆیەوە؟

- با ئەوە دێم..

دەچم نەک لەبەر چایەکە، بـۆ ئەوەی کڵپەی دەروونم هەنـدێک دابمرکـێ. فریشـتە لەکـاتی چـا تێکردنـدا ئەو پرسیارە بـێ ئاکامەی دەکاتەوە، باشە هەتـاکەی خۆت ئازار دەدەی، هەتـاکەی! عەشق ئەوەندە دێنێ کە هەمـوو شتێکت لە پێنـاو دابنێـی، بۆ نایەوە سەرەخۆ، دەزانی تۆ لە چ پلەیەکدای، دەزانی تۆ کێی؟ دەیان کەس خۆزگە بەوە دەخوازن لەگەڵ تۆ بـژین و ببنە هاوژین و هاوڕێی تەمەنت. بە شتێکەوە نووساوی لە خۆکوژی و ئازاردانی خۆت هیچ شتێکی دیکە نییە.

............ لە جیهـانی خەیـاڵمدا هەزار جـار بـووکی ئـاواتم لە ئـامێز گرتـووە، شـاییم کـردووە و مـاڵم دانـاوە و وەچەم خستۆتەوە. لەو جیهانە خەیاڵییەدا دەنگی فریشتە مەقەستێکی بە هەودای خەیاڵمدا هێنا و بانگم دەکا.. مامۆستا نایەی



سەرچاوە
Serchawe

چایەکی بخۆیەوە؟

- با ئەوە دێم..

دەچم نەک لەبەر چایەکە، بۆ ئەوەی کلپەی دەروونم هەندێک دابمرکێ. فریشتە لەکاتی چا تێکردندا ئەو پرسیارە بێ ئاکامەی دەکاتەوە، باشە هەتاکەی خۆت ئازار دەدەی، هەتاکەی! عەشق ئەوەندە دێنێ کە هەموو شتێکت لە پێناو دابنێی، بۆ نایەوە سەرەخۆ، دەزانی تۆ لە چ پلەیەکدای، دەزانی تۆ کێی؟ دەیان کەس خۆزگە بەوە دەخوازن لەگەڵ تۆ بژین و ببنە هاوژین و هاوڕێی تەمەنت. بە شتێکەوە نووساوی لە خۆکوژی و ئازاردانی خۆت هیچ شتێکی دیکە نییە.

چاوم لە چاوی فریشتە بڕی و گوتم، فریشتە بە ئاواتم بمرم، بەڵام ئەو ساتەی تێیدا دەژیم نەبینم، بۆ پێتوایە من حەز بەو ساتەمەرگە دەکەم کە ئێستا تێیدام. زۆر جار هەوڵمداوە بۆ هەمیشە کۆتایی یان بەخۆم یان بەو ئەوینە درۆینەیە بێنم، بەڵام چ بکەم ناتوانم.. لە نووسینێکی ئەدەبیدا کە ئەو ڕۆژانە نووسیومە، پێموایە ئەوەی کاری نەکردنی و مەحاڵیش بێ دەتوانم بیکەم، بەڵام ناتوانم واز لەوە بێنم.

بێ ئەوەی داوام لێبکا دەستێکم بۆ گیرفانم برد ویستم ئەوەی نووسیومە بۆی بخوێنمەوە. بێ ئەوەی بزانم کە حەز لێدەکا یا نا دەستم کرد بە خوێندنەوەی.

## بەندی ئەوین

ئازیزم: ئەمشەو خەو لە چاوم نەبانە و خۆشم لەخۆشی زیزم، ئەمشەو حەز دەکەم کۆتری ئەوین لە هێلانەی دڵ هەڵفڕێنم، ناوت لە قامووسی ئەوین بسڕمەوە و هەرگیز نەیهێنم، ئەمشەو حەز دەکەم خۆت و ئەوینت لەسەر ڕێم لادەم، تۆ و خەیاڵی شیرینت بە رووباری نیلی فەرامۆشی دادەم.

بەڵام گیانە با پێت بڵێم و بێ پەردە لەگەڵت بدوێم، دەتوانم کام چیا بەرز و ئەستەمە لەسەر پشتی ئەسپی زەوی دابەزێنم، کام رووبار باڵا بەرز و تووڕەیە لە شوێنی خۆی بوەستێنم، دەتوانم نەهێڵم بەهار لە هەواری سروشت ڕەشماڵ هەڵدا، هاوین بە تیشکی بەتینی گڕ لە دارودەوەن بەردا، پایز بە قاقای زریانی گوێم کاس کا، زستان چیرۆکی چلە و ڕنو و کڕێوەم بۆ باس کا.

روونتر بڵێم دەتوانم، رەنگی ئاسمان بگۆڕم، کراسی ئەستێرە رەش کەم مانگیش لە رووناکی بێبەش کەم....بەڵام بەڵام.. بەڵام گیانە بۆ هەتا هەتایە هەتا دونیا دونیایە ناتوانم ئەوینت لەبیر بەرمەوە و بۆ چرکەیەکیش تۆ لە تابلۆی خەیاڵمدا بسڕمەوە. ئاخر ئەوینت کەمەندێکە، داوە کۆتە بەندێکە بە هەر چواردەورمدا هاڵاوە، لافاوێکە لە هەموو لاوە هەڵساوە، ئاخ چ بکەم لە تابوتی خۆشەویستیت خراوم، لە گۆڕیچەی تەنگی ئەویندا نێژراوم...

**فریشتە یەک پارچە بوو بە گوێ، کە تەواو بووم گوتی وای ئەو قەڵەمەی تۆ چ سیحرێکی تێدایە! ئەو رستەی گەلێک جاران دووپات دەکردەوە..**

- مامۆستا باشە هەر بەراست بۆ ناتوانی؟ بۆخۆت مەلاژنێک بێنە و هەموو تەمەنت لەگەڵ ئەو بەرێ بکە و تەواو، نەتوانین چییە؟

- فریشتە بە قسە ئەوە زۆر ئاسانە و بەڵام بۆ من سەرکەوتن بۆ سەر کێوی قەندیل بە پێی بریندار و شەقار بوو و خوێ تێزاو ئاسانترە... ئەوە نییە لە نووسینەکەمدا ئەسپی خەیاڵم چ شتێکی نەکردووە! خۆم وەک خودا داناوە و جیهانم بە ویستم خۆم گۆڕیوە.

- ئەستەغفیروللا، کوفران مەکە، مەگەر تۆ مەلا نی! بەڵام دەزانم برینی ئەوین لەوە بەسوێتترە باسی دەکەی، ئازارێک کەس ناتوانێ وەسفیشی بکا ...

**چاوم لە چاوی فریشتە بڕی و پرسیم، باشە تۆ چۆن ئەوانە دەزانی، حەتمەن خۆشت لەو ئازارەتدا تواویەتەوە و خۆتت لە ئاوێنەی عەشقدا دیتۆتەوە؟**

- رەنگە واش بێ و رەنگە واش نەبێ.. نا نا وا نییە لە دەردی خەڵکی دیکە گەیشتوومە ئەو وەڵامە..

- فریشتە پرسیارێک کە رەنگە زۆر جاری دیکەش کردبم، باشە بۆچی (ئەوین) هەتا ئێستا هیچ هیوایەکی پێ نەبەخشیم، هەموو جەستەی خۆیم پێ دەبەخشێ، بەڵام ئەوین و سۆز و خۆشەویستی نەبێ، جەستەیەکی بەتاڵی بێ ئەوین وەک شووشەیەکی بەتاڵ دەچێ، بۆ من هیچ چێژێکی تێدا نییە و جەستەیەکی ساردی بێ گیان..

- فریشتە بزەیەکی هاتێ و گوتی باشە پیاوان لەوە زیاتر چیان دەوێ؟



سەرچاوە
Serchawe

- بۆچوونەکەت رەنگە راست بێ، بەڵام بۆ منی پیاو وا نییە...

**فریشتە بە ئارامی گوتی،** دەزانم لە نامەکانت دا ئەوە دەخوێنمەوە و دەزانم هەستی تۆ لە هەموو کەسێک جیایە.. بەڵام با راستییەکت پێ بڵێم، ژنان دەتوانن جەستەی خۆت پێ ببەخشن بەبێ ئەوەی هەست و سۆزی لەگەڵدابێ، ناڵێم وەک سۆزانییەکان! بەڵکو وەک هەزاران لەو ژنانەی وڵاتی من کە بە نابەدڵی شوویان کردووە، یان بە ویستی خۆشیان گەیشتوونەتەماڵی ژیان، بەڵام دواتر هەڵسوکەوتی مێردەکانیان وای کردووە لە هەموو شتێک بێزار بن، ئەوانیش جەستەی خۆیان دەبەخشن، بەڵام دڵۆپێکیشی لە هەست و سۆز تێدا نییە. پێچەوانەکەشی دروستە، دەکرێت سۆز و خۆشەویستیت پێببەخشێ، بەڵام جەستە نا.. جاری وایە هیچ لەوانەش نییە، رازێکە بۆ کەس نەکراوەتەوە و ئەوەی پێیدەگوترێ عەشق. بە گوێگرتن لە قسەکانی فریشتە ئارام دەبمەوە و فریشتە زۆر لەوە ژیرترە کە بیرم لێدەکردەوە، لەم ساتانەدا کە فریشتە نەببا بە فریشتەی رزگاریم، دڵنیام ژیان بۆ من لەوەش سەختر دەبوو. فریشتە هانام بوو، فریشتە پەنام بوو، لەلای ئەو تەواو هەستم بە حەسانەوە دەکرد.

**فریشتە بەدەم چا تێکردنەوە گوتی،** لەبارەی بێ مەیلی یا ساردی (ئەوین) بە تۆ رازێک هەیە کە تا ئێستا لێت شاردراوەتەوە..

- چ رازێک؟

- تۆ دەزانی بۆ ئەوین هیچ مەیلێکی بەلای تۆدا نییە، لە کاتێکدا نامە ئاگرینەکانی تۆ بۆ هەرکەسێکی دیکە بنووسرێن، باوەڕ بکە بۆ ژنی لای مێرد و منداڵیش بنووسرێن خۆی راناگرێ، ماڵ کاول نەبوو ئەوە چ سیحرێکت هەیە بۆ نووسین.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەوین) هیچ گوێیان پێنادا، بڕوا بکە زۆرجاران هەر نایانخوێنێتەوە، بەڵام من هەموو ئەو نامانەم لەلای خۆم راگرتوون.

- ........ چ رازێک؟

- تۆ دەزانی بۆ ئەوین هیچ مەیلێکی بەلای تۆدا نییە، لە کاتێکدا نامە ئاگرینەکانی تۆ بۆ هەرکەسێکی دیکە بنووسرێن، باوەڕ بکە بۆ ژنی لای مێرد و منداڵیش بنووسرێن خۆی راناگرێ، ماڵ کاول نەبوو ئەوە چ سیحرێکت هەیە بۆ نووسین.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەوین) هیچ گوێیان پێنادا، بڕوا بکە زۆرجاران هەر نایانخوێنێتەوە، بەڵام من هەموو ئەو نامانەم لەلای خۆم راگرتوون.



سەرچاوە Serchawe

- دەی رازەکەت نەگوت، هۆکاری بێ مەیلی (ئەوین) چییە؟

- نازانم چۆنت پێ بڵێم، تکات لێدەکەم ئەگەر باسیشی دەکەم خۆراگر و ئارام بە.

- ئارامم و گوێم گرتووە..

- دوو هۆکار هەیە، یەکەم ئەگەر ئەوین تۆ هەڵبژێرێ دەبێ لە نێوان ژیان و خۆشەویستیدا یەکیان هەڵبژێرێ، چونکە لەلای ئێمە کەس ناتوانێ سەیری ژنێک بکا کە مارەبڕاوی کەسێکی دیکە بێ ..

- ئەوە زۆر باش تێدەگەم، ئەی هۆکاری دووەم؟

- ئەوەیان، ئەوەیان نازانم چۆنت پێ بڵێم؟!

- بڕوا بکە هەرچی دەبێ با ببێ، ئارامم و خۆ لەو ساتە ناخۆشتر نییە کە ئێستا تێیدام..

- هۆکاری دووەم عەشقە عەشق! تۆ چەندەت (ئەوین) خۆش دەوێ، ئەویش بۆ کەسێکی دیکە کۆلاوترە، ئەویش لە ئەوینی کەسێکی دیکەدا شێت بووە..

- بەراست !سوپاس ئەوەت پێگوتم. رازێک کە نەمزانیبا ناخۆش بوو، زانیم سەد هێندە ناخۆشتر..

- بەڵێ لە عەشقدا وەک یەکن، دەڵێی لێکتان گێڕاوەتەوە، ئەویش دڵی بەکەسێک چووە کە خاوەنی ژیانی خۆیەتی و لەگەڵ هاوسەرەکەی هەست بە بەختەوەری دەکا و زۆریش پێکەوە گونجاون. بەڵام رەگەزی پیاو فریشتەی ئاسمانیش بخوازن، هێشتا هەر چاو برسین..

کەوای گوت هەردووکمان قاقایەکمان لێدا.. گوتم باوەڕ بکە من ئەوەندە چاو برسی نیم، بەپاروویەک تێر دەبم.. ئەو شەوە بۆ یەکەمجار بوو لەناخیشدا پێنەکەنیبم بە رواڵەت پێکەنیم و هەستم بە سووکنایی کرد.

- فریشتە هەر بەراست تۆش کەسێکت لە ژیاندا نییە؟ یانی تۆ ئەوەندە لە باسی ئەوین و ژیان و خوێندنەوەی رازەکانی



سەرچاوە
Serchawe

هەردوو رەگەزەکە شارەزای، ماشەڵلات لێ بێ ئوستادێکی! دەبێ کەسێکت لە ژیاندا نەبێ..

بێ ئەوەی کە سەر هەڵبڕێ لەبەر خۆیەوە گوتی، نا نا، من وەک ئێوە خۆم تووشی ئەو چەرمەسەریانە ناکەم. چارەنووس و قیسمەت و نسیب کێی بە نسیب کردم ئەوە رازیم.

لە تۆنی دەنگی فریشتەدا هەستم بە گریان بە خەم بە ئازارێکی قوڵ دەکرد، نەیتوانی قسەکانی تەواو بکا لە پڕمەی گریانیدا...

- فریشتە، فریشتە.. فریشتە..

- لێمگەڕێ مامۆستا، لێمگەڕێ، بەڵێ دەتویست بزانی منیش تووشی ئەو دەردە بوومە، بەڵێ زۆر خراپتر، زۆر بە ژانتر، ئاخر من ژنم ژن!! دەزانی ژن بی و عاشق بی چ کارەساتێکە. تەنیا لەناو دەروونی خۆمدا وەک مارانگاز گینگڵ دەخۆم و ئازار دەچێژم..

- ئێ باشە ئەوە گریانی ناوێ، ئەو دوورکەوتنەوەیە ماوەیەکە کە چوونەوە بۆ گەرمێن، ئەگەر نەمرم لەشاییەکەتاندا هەڵدەپەڕم ئەگەرچی قەتیش شاییم نەکردووە. دەزانی ئێستا ماڵیان لە کوێیە؟ ئەوانیش بەرەو ئێران هاتن؟

- نازانم نا..

- بەرەو ئێرانیش نەهاتبن یەکتر دەبیننەوە، مەگری، چارەنووسی هەموو عەشقێک وەک ئەوەی ئێمە نییە. ئێوەش دەگەڕێنەوە سەر زێد و واری خۆتان، ئەم قۆناغەش بەسەر دەچێ، تۆش دەگەڕێیەوە و لە ئامێزی خۆشەویستەکەدا ئارام دەگری. نازانم فریشتە گوێی لە قسەکانم دەگرت یان نا، چونکە سەری بە هەنیسکانەوە چووبوو.

- فریشتە ئەم دەورە بۆ وا سووڕایەوە، من تۆم وەک پەناو ئارامی و بەردە سێبووری خۆم دەدیت، کەچی ئەوە منم، سەرەڕای خەمی خۆم، خەمی تۆش دەبێ لە کۆڵ نێم.. بۆ ئەوەی کە کەمێک ئارام بێتەوە، گوتم فریشتە تۆ دەزانی بەردە سێبووری چییە؟

- بە دەم گریانەوە گوتی نا نازانم، ئەوە یەکەمجارە لە تۆوە گوێم لێدەبێ.



سەرچاوە Serchawe

- دەڵێن لە زەمانی کۆندا بەردێک هەبووە، ئەوانەی وەک من و تۆ عاشق بوونە، خەمەکانیان خۆیان بۆ باس کردووە، بەردەکە لەگەڵ پتەوی خۆیدا نەیتوانیوە خۆی رابگرێ و قەڵشیوە..

فریشتە تۆزێک ئارام بۆوە، دەمویست هەرچۆنێک بێ باسەکە بگۆڕم و بەلایەکی دیکەیدا بەرم، بۆیە گوتم، فریشتە بە تەمان کەی بگەڕێنەوە؟

- بۆ حەز دەکەی بگەڕێینەوە؟

- بە حەز و پێخۆشبوونی من نییە، بەڵام رۆژێک دەبێ هەر بگەڕێنەوە، ئەمرۆژانە خەڵکێکی زۆر دەگەڕێتەوە. بۆ مەگەر تۆش حەزناکەی بگەڕێیەوە و جارێکی دیکە لەگەڵ حەزەکەت چاوتان پێک بکەوێتەوە؟

دیسان فریشتە دەستی کردەوە بە گریان، لەگەڵ قوڵپی گریانیشدا وەڵامی دامەوە، نەخێر هەرگیز حەزناکەم بگەڕێمەوە.

لە نەخێر و گریان و گۆڕانەکەی فریشتە تەواو سەرم سوڕما بوو؟ لە دەروونمدا هەزار و یەک وەڵامم دەدایەوە، بەڵام ئەوەی قەت بەخەیاڵیشمدا نەدەهات خوێندنەوەی هزر و بیری ئەو بوو.. ئەوەم بە زەیندا هات کە ئەو کەسەی فریشتە خۆشدەوێ دەبێ یەکێک بێت لەو خزمە نزیکانەی لە بەشە کوردستانی کوێستاندا دەژین ..

- فریشتە تەنیا یەک پرسیارت لێدەکەم، وەڵامیشم نەدەیەوە زۆریت لێناکەم، بەڵام زۆر حەز دەکەم بیزانم و ئەگەر پێمکرا هاوکاریت دەکەم.. ئەوەی خۆشت دەوێ خەڵکی ئەم دیوەی ئێمەیە..

- مامۆستا لێمگەڕێ و زیاتری لەسەر مەڕۆ.. و دەرگای پێوەدا و وەدەرکەوت..

ئەوینی فریشتە بۆ من شتێکی نوێ بوو، بیرم بۆ کەسێکی زۆر نزیکی خۆم دەچوو، پێموابوو و تەنانەت دڵنیاش بووم کە دەبێ ئەوەی فریشتە خۆشی دەوێ ئەو بێ.. ئەو کەسێک بوو کە هەموو راز و نیازێکمان لەلای یەک بوو، بەڵام بۆ یەکجاریش باسی فریشتەی لەگەڵ من نەکرد.. بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ دەردی خۆمم لەبیرکرد و گریان و ئازاری دەروون و ئەوینی فریشتە فیلمە هەمیشەییەکەی سکرینی دەروونمی گۆڕی..

نازانم چەندی پێچوو، جارێکی دیکە فریشتە بە گڵاسێک ئاوی ساردەوە گەڕایەوە و لەسەرخۆ گوتی: مامۆستا تینووت نییە.

- راستی فریشتە رازی ئەوینی تۆ بۆمن بۆتە رازێک، نەک تینوویەتی هەموو شتێکی لەبیربردمەوە.. ئاوەکەم وەرگرت..
- بیری لێمەکەوە.. با هەمیشە وەک رازێک لەلای من بمێنێتەوە ..

- لەوەی کە حەزدەکەن نەگەڕێنەوە، زۆر دڵنیام کە ئەو کەسە لە هی خزمانی ئەو دیوەیە.. تەنیا بیر لەکەسێک دەکەمەوە کە نزیکترین هاوڕێمە.. بەڵام زۆر سەیرە هەتا ئێستا بۆ یەکجاریش ئەو باسەی لەلای من نەکردووە، خۆت دەزانی هەموو رازەکانمان لەلای یەکن.. هەر بەراست تۆ قەت ئەوەت لەگەڵ باس کردووە..

- مامۆستا ژن بوون چ ئازارێکی گەورەیە لە وڵاتی ئێمەدا، ژن ناتوانێ سەربەستانە کەسێکی خۆشبوێ، ئەگەر بۆ کەسێک شێتیش بێت و وەکێوان بکەوێ، هێشتا ناتوانێ وەک پیاو دەربببڕێ.. چ ئازارێک لەوە بەژانتر نییە، نەتوانی ئەوەی لە ناختدایە بۆ هیچ کەس تەنانەت لەلای خۆشت دەرببڕی.. نەخێر ئەوەی خۆشم دەوێ بۆ یەکجاریش لەگەڵم باسنەکردووە، تەنانەت بە هێما و ئاماژەش وام نەکردووە کە ئەو بەو هەستەی من بزانێ. تەنیا خۆم لەخۆمدا دەتوێمەوە.. بەڵام مامۆستا بەهەڵە چوویە، کە پێتوایە ئەوەی رووگە و پەرستگەی ئەوینی منە، هاوڕێکەتە..

- بەراستی هەو نییە؟! باوەڕ بکە زۆر دڵنیام کە ئەوە! خۆم لەگەڵی باس دەکەم، جا لە تۆ باشتر کێ؟ ئەو دەبێ زۆر شانازی بەوەی بکا کە کەسێکی وەک تۆ لە ناخەوە خۆشی دەوێ.

- بڕوا بکە مامۆستا ئەو کەسە نییە.. ئەو کەسەی من خۆشم دەوێ تەنانەت ناتوانم لای هیچ کەس باسی بکەم.. هەوڵدەدەم بەردێکی لەسەردابنێم و بە ئەوینێکی دادەنێم کە بە مردوویی لەدایک بووە.

- فریشتە هێندەی دیکە تامەزرۆی زانینی ئەم رازەم.. بڕوا بکە هاوکارت دەبم و کارێک دەکەم پێک بگەن.

- بەڵێن دەدەی، بەراست بەڵێن دەدەی ئەگەر پێت بڵێم..

- بەڵێن بێ، بەڵێنی پیاوانە..

- نازانم چۆنت پێ بڵێم، نازانم چۆن باسی بکەم.. دەزانی مامۆستا، دەزانی ئەوەی هەموو خەون خولیای ژیانمی داگیرکردووە، ئەوەی لە هەموو بوونم زیاترم خۆشدەوێ، بڕوا بکە بڕوا بکە، یەکەمجاریشە کەسێکم لە ژیاندا خۆش بوێ..



سەرچاوە
Serchawe

دەزانی ئەو کەسە کێیە؟ ئەو کەسە ئێستا ڕێک لە بەرامبەرمە.. ئەو کەسە تۆی، ئەوینی تۆ چۆنە بەرامبەر بە (ئەوین) ئەوەی من سەد هێندە زیاتر..

.......دەزانی ئەو کەسە کێیە؟ ئەو کەسە ئێستا ڕێک لە بەرامبەرمە.. ئەو کەسە تۆی، ئەوینی تۆ چۆنە بەرامبەر بە (ئەوین) ئەوەی من سەد هێندە زیاتر ..

لێرەوە وڕ و کاس بووم، دەزانم ئەو دەدوا، بەڵام من وردە وردە وەک ئەوەی بەنج گرتبمی، کەوتمە ناو خەیاڵێکی قووڵ، نەمزانی چەندی دیکەی گوت، نەمزانی چۆن باسی ئەوینەکەی خۆی دەکرد. پێموابێ بۆ یەک چرکەش چاوم نەتروکاندن، لەیەک شت رامابووم، ئەو شتەی لێشی رامابووم نەمدەدی، هەر هیچم نەدەدی و هیچم نەدەبیست، دەنگێک وەک سروەی بایەک، وەک خشپەی گەڵایەک، بەڕاست وەک دەنگی کەسێک کە لە دووری دوورەوە بیبیسی، بە دەرگا پێوەدانەکە راچڵەکیم و وەهۆش خۆم هاتمەوە.. ئەوجارە گەڕامەوە شوێنی خۆم، بۆ من لە هیچ شوێنێک بووم.. کەوتمە حاڵەتێک کە لە نێوان بوون و نەبوون دابووم. کە وەهۆش هاتمەوە فریشتە و هیچ کەسێک لەوێ نەمابوو، تەنانەت خۆشم لەوێ نەبووم.

یانی بەراستی فریشتە منی خۆش دەوێ، ئەوەی کە قەت بەزەینشمدا نەدەهات. تۆ بڵێی لەوکاتەی دا کە ئەو قسەی دەکرد، من شتێکی وام گوتبێ و رەنجاندبم، یان وەڵامێکی باشم دابێتەوە. بۆخۆم دڵنیابووم کە یەک قسەشم نەکردووە.. (ئەوین)،(فریشتە) من و یەکی دی، تۆ بڵێی هەموو جیهان لە بازنەی عەشقدا یەکنەگرنەوە، بازنەیەکی بێ بڕانەوە کە ئەوسەر و ئەمسەری دیار نییە و بازنەیەو هیچی دیکە. پێموانییە ئەگەر وابا جیهان لە بەهەشتی یەزدانیش ئارامتر و خۆشتر دەبوو، چونکە ئەوین و خۆشەویستی و میهرەبانی لەگەڵ نەفرەت و رق و بێزاری پێکەوە ناگونجێن.. هەروا لە دنیای خۆم دام، بیر لە هیچ شتێک ناکەمەوە، تەنانەت لەخۆشم. وەک گەردیلەیەکی دەم با، وەک گوڵە پاییزە و پەیتوکە هەروا سووکتر دەبم و خەریکە بفڕم .نە بێزارم و نە خۆشحاڵ. من ئێستا لەریزی ئەو دەگمەن نێرینانە دام کە کچێک بە زمان و بەرامبەر بەخۆم دەربدەبڕێ کە خۆشم دەوێ و بوویەتە بەشێک لە ژیانم. ئاخر بە قەولی فریشتە دەڵێت، ژن بێ و عاشق بێ و نەتوانی عەشقەکەی خۆشت دەرببڕی چ ئازارێکی بەسوێیە. ژن لە مەڵبەندەکەی ئێمەدا رازی دەروونی خۆی بە هێما، بە ئاماژە و بە دەیان ڕێگەی دیکە دەردەبڕێ و بەرامبەرەکەی تێدەگەیەنێ، بەڵام بۆ دەربڕینی بە زمان، ئەوە زمان قفڵ دەبێ و تەنیا چاوەکانن دێنە گۆ.

هەروا خۆم لەگەڵ خۆم دەدوێم، پرسیار لە دوای پرسیار لەخۆمی دەکەم. ئەگەر بەداخوازییەکەی (فریشتە) رازی بم، ئەدی (ئەوین)! باشە (فریشتە) چی لە ئەوین کەمترە! ئەوە نییە (فریشتە) دەڵێت (ئەوین) بۆ کەسێکی دیکە دەمری و دەژی و ئەوینی ئەو بەهیچ شتێک ناگۆڕێتەوە، ئەدی بۆ منیش لەگەڵ فریشتە دا وا نەبم؟ شەڕی هەست و ئاوەز و سۆز و عەقڵ لە

دەروونمدا دەستی پێکردووە. عەقڵ هەزار بەڵگەی ژیرانەم بۆ دێنێتەوە کە دەکرێ واز لە (ئەوین) بێنم و فریشتە بکەم بە بووکی خەیاڵم، بەڵام هەروەک هەمیشە سۆز و هەست زاڵ دەبن و بەبێ هیچ هۆیەک لە دونیای مندا تەنیا (ئەوین) هەیە. بۆم گرنگ نییە، ئەوین منی دەوێ یان نا، بۆم گرنگ نییە کەسێکی دیکەی خۆش دەوێ یان نا. تەنانەت ئەگەر ئەوین گاڵتەش بە سۆز و هەستی من بکا، هەتا ئەگەر لە هەموو هەست و نەستم بەسوغرە بگرێ بۆ من هەر ئەوینە. شیعرە بەرزەکەی (ئاوات) لە ژێی گەرووی ماملێدا لە گوێمدا دەزرینگایەوە (من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە کەچیعەقڵ ئەڵێ ناقەسەبەی شۆرشی مەستانە نەچی)

نازانم ئەو شەڕەی نێوان هەست و سۆز و عەقڵ چەندی خایاند کە خەو بەسەرمدا زاڵ بوو و نووستم..

کزەبایەکی ساردی دەهات و بەوە وەخەبەر هاتم، بەرماڵێک لەوێ بوو بەخۆمدادا. نازانم چەندی پێچوو، بە دەنگی ئارام و لەسەرخۆی فریشتە هەستام.

- مامۆستا، مامۆستا هەستە جێگاکەم بۆ راخستووی بچۆوە سەر جێگاکەت.

- فریشتە تۆی، بە وردی و بە چاوی کریارانە، روونتر بڵێم عاشقانە سەیری فریشتەم کرد، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دەزانم زۆر گریاوە.. فریشتە گیان ببوورە پەردە لادانت لەسەر رازەکەت وەک هەواڵێکی لەناکاو بوو، بەراستی حەپەسام و زمانم لەگۆ کەوت و نەمتوانی هیچ وەڵامێکت بدەمەوە، ئێستاش کە لەگەڵت دەدەوێم نەهاتوومەتە سەرەخۆ، چونکە وەک دەڵێن بیری مەرگی خۆم کردبا، بیرم لەوە نەدەکردەوە. تکایە لێوانێک ئاوم بۆ بێنە چونکە گەرووم وشک بووە و ناتوانم بەباشی قسە بکەم.

- دەستبەجێ رۆیشت و ئاوەکەی هێنا. فریشتە من باسی ئەوەم بۆ دەکردی کە پەردە هەڵدانەوەت لەسەر ئەم رازە بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو. چونکە تۆ کلیلی نهێنیەکانی نێوان من و ئەوینی. دەبێ من چ شانسێکی گەورەم هەبێ کە کچێک نەک بە هێما بەڵکو بە دەربڕین بڵێت خۆشم دەوێی.. لە خۆت دەپرسم ئەگەر یەکێک لەناکاو ئەوەت پێ بڵێ چ بڕیارێک دەدەی؟

- ئەوجارە فریشتە وەک منی لێهاتبوو، بێ ئەوەی هیچ چاو بتروکێنێ زەق رامابوو. بە ئارامی وتی: نازانم!

- فریشتە منیش نازانم، ئەوە بەو مانایە نییە کە پێشنیارەکەی تۆم بە هەند نەگرتبێ و بەڵام لە کتوپڕدا نازانم چ بڕیارێک بدەم، ئیزن بدە هەندێک بیری لێبکەمەوە.

- مامۆستا من لە ناخەوە پەشیمانم ئەوەم دەربڕی، سەد خۆزگە قەت ئەو رازەم نەدەدرکاند ..

- نـا زۆر باشت کـرد کە دەرتبـڕی، بەڵام زۆرم لە لا سەیرە قەت بە هێمـا و ئامـاژە یـان هەر ڕێگـایەکی دیکە وات نیشـان نەدەدا کە دڵت بۆمن لێدەدا ..

- نەمدەتوانی چونکە تۆ بۆ ئەوین تواویەتەوە، لە نامە و پەیامەکانت ڕا دیارە جگە لە ئەوین هیچ کەسێکی دیکە نـاچێتە ناو پاپوڕی عەشقی تۆوە.

من و فریشتە لە حاڵەتێک دابووین، نەمانتوانی وەک پێشوو قسە بکەین، زۆرتر لە ناخی خۆماندا بووین. بۆیە وتم دەزانم ئێستا کات درەنگە بچۆ بنوو، دواتر بە وردی قسەی لەسەر دەکەین. فریشـتە ڕۆیشت و من و خەو و خەیـاڵ ماینەوە، خەو نـا، خەوی چی؟ هەر خەیـاڵ لە دوای خەیـاڵ، لە گێژەنی گۆمێکدا مەلە دەکەم، تووشی ژانەسەرێک بـوومە، لایەکی سەرم وەختە بێتەخوارێ، ساڵێک زیاترە ناوە ناوە ئەو ژانە سەرە دەمگرێت. ئێستا ئێرەیی بەو کەسانە دەبەم جگەرە دەکێشن و مەی دەخۆنەوە، من لە دەرگـای بەختەوە بێت یـا لە رووی بێ بەختی قەت خووم بەو دوو ئازارشکێنە ساتییە نەگرتـووە، بەڵام ئەو شـەوە بە ئـاوات بـووم، فێـری ئەو دووانە ببـام. نـازانم دەبـێ کەی خەوم لێکەوتبـێ، چـونکە کاتێـک لە خەو هەڵیانستاندم، ئیدی کات لە چێشتەنگاو تێپەڕی بوو. چوومە دەرەوە، نازانم چۆن بوو هەستم بە سووکبوون یـا بڵێین وەک ئازادبوونێک دەکرد، هێشتـاش نازانم بۆ پێموابوو وەک بەندییەک بم و ئازادکرابم.

..... هێشتاش نازانم بۆ پێموابوو وەک بەندییەک بم و ئازادکرابم.

شەڕی نێوان ئاوەز و سۆز هەروا لە دەروونمدا بەردەوام بوو، عەشقێکی دیکە و ئاگری ئەوینێکی دیکە لە دەروونمـدا بە کـزی دایسا..

دووەمین مانگی بەهارە، کردگار جوانترین فەرشی خۆی لەسەر زەوی پڕکانیان راخستووە، دەروونم پڕ لە عەشقە و چاوەکانم پڕ لە جوانی. بە دەم ورێنەکردن و ئەسپی خەیاڵ تاودانە بەرەو بەردە سێبوری خۆم، بەرەو کانگـای رازم و رووگەی مرازم، کانی نێراس دەڕۆم. نێراس وەک شاگوڵی فەرشی کردگـار دەدرەوشێتەوە .نێراس پەرییـانە بە کراسی سپی ئـاوینەوە، سەما دەکا و جوانترین گۆرانی دەچڕێ و مۆسیقا لێدەدا.

**ئێستا تێدەگەم (گۆران) بۆ لە تابلۆ بێ وێنەکەی جوانیدا دەڵێت:**

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو**
**لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو،**
**جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور**
**شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شلپ و هووڕ!**

**منیش نێراس نەک بە دەریا، بەڵکو بە هەموو دونیای نادەم. ئاخ نێراس!**

**کەم ڕۆژ هەبووە سەردانی نێراسم نەکردبێ، راز و نیازم لەلا دەرنەبڕیبێ. پەشێو گوتەنی کەم ڕۆژهەیە وەک منداڵێکی ساوا شیلەی ژیانم هەڵنەمژتبێ و نەمکردبێ بە دایکی خۆم.. نێراس مەکۆی حەسانەوە بووە بۆ جوانپەرستان و ڕێبواران، جێژوانگە و مەکۆی راز بووە بۆ ئەوینداران.**

**پێیەکانم خستوونەتە ناو ئاوی کانی و سەیری ئاسۆ دەکەم، لە ژیان و (ئەوین) و خۆم و فریشتە ورد دەبمەوە، لاپەڕی دەفتەری عەشق و ئەوین وەرد دەدەمەوە، نیازمە بۆ هەمیشە ئەوینی ئەوینێکی درۆینە لەبیرخۆم بەرمەوە و بیسڕمەوە. نازانم بۆ وام، هەست دەکەم لە نەخۆشخانە کەوتووم و لەوپەڕی لاوازیدام، ئاوی سارد و سازگاری کانی بۆ ئەوەی ژیانێکی تازەم وەبەر بێتەوە، بە ڕەگی پێیەکانمدا دەچێتە ژوور و هەتا ناخ و دەروونم دەڕوات و دەچێتە ڕەگە وردیلەکانی مێشکمەوە. بەراستی هەست بەو ژیانەوەیە دەکەم، ورەی هەستانەوە و رابوونم پێدەبەخشێت. لەناو دەریایەکی بێ سنووردام، شەپۆلەکانی ژیری و هەست دەبنە دوو بەرەی دژ بەیەک و هەر جارێ بەلایەکەمدا دەبن، جار هەیە هەست و سۆز زاڵ دەبێت و جار هەیە ژیری. هەرچەندە لە شەڕ و ململانێی نێوان عەقڵ و عەشقدا، هەمیشە عەقڵ دۆڕاندوویەتی. بەڵام ئەمجارە شەپۆلێکی بەهێزی ژیری و عەقڵ پاڵم پێوەدەنێ و دەکەومە لێواری دەریاوە! هەستامەوە پێ! ئیدی من ئەو کەسەی پێشوو، نەبووم. کەسێکی دیکە بووم بە گیانێکی تازە، بە ئەوینێکی نوێوە لەدایک دەبووم. هەست پێدەکەم تۆوی ئەوینێکی دیکە چەکەرە دەکات و دەگوروێ.. پێیەکانم لە کانی دەردێنم، پێموایە وەک ئامێرە دیجیتالییەکانی سەردەم بەتەواوی بارگاوی بوومەتەوە، تژیم لە خۆشەویستی، پڕاوپڕم لە عەشق. بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە، وەک ئەوە دەچێت باڵ بگرم، ئەوەندە سووکم خۆم وەک ئەو باڵندە بچووکانە دەبینم کە بە هەرچواردەورمدا دێن و دەفڕن.. لەسەر پەلکی گیایەک، خاڵخاڵۆکەیەک دەگرم و لەسەر لەپی دەستمی دادەنێم و دەڵێم، خاڵخاڵۆکە ماڵی عەشقم لە کوێیە؟ خاڵخاڵۆکە بەرەو هیچ ئاراستەیەک ناڕوات و هەر لەسەر لەپی دەستم دەکەوێتە خوارەوە و لەسەر پەلکە گوڵێک دەنیشێت. ئیدی هەر ئەوکات بڕیاری خۆمدا و بڕیارێک پێچەوانەی هەست، بەڵام یەکانگیر لەگەڵ لۆژیک و ژیری.**

**دووربەدوور دەبینم فریشتە لە چاوەڕوانیمدایە، لەو مەودا کورتەدا تا دەگەمە لای فریشتە هەزار خەیاڵی لابەلا**



سەرچاوە
Serchawe

هەڵمەدەگرێ، گلۆپە وردیلەکانی لێکدانەوەکانی مێشکم بە هەزار ڕەنگ خۆ دەنوێنن، سەدانیان هەڵدەبن، سەدانیشیان دەکوژێنەوە. دەگەمە لای فریشتە.

- مامۆستا ئەوکاتەت باش..

- باشتریش بۆتۆ.

- بۆ جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە، ئەو ڕووداوەی شەوی ڕابردوو لەبیربکە، وابزانە هیچ شتێک ڕووینەداوە.

- فریشتە ئەوە خاڵی دەستپێک بوو، سەرەتای لێدانی زەنگی هۆشیارکردنەوەی من بوو، ئاوەژوو کردنەوەی دیوی دیکەی ژیانم بوو بە ڕووکاری ڕاستەقینەدا. بیرم لێکردۆتەوە و گەیشتوومە ئامانج و بڕیارێکیش. بەڵێ من گەیشتوومەتە ئەو ئامانجەی تۆ بکەم بە بووکی ئاواتم و هاوبەش، هاوخەم، هاوژینم، بەڵام هێشتا دیواری دڵ بە ڕەنگی عەشقی ئەوین داپۆشراوە، هەتا ئەو ڕەنگە دەسڕێتەوە و کاڵ دەبێتەوە و عەشقی تۆ جێگەی دەگرێتەوە، ڕەنگە زەمان بخایەنێت، دڵنیام تۆ وەستایانە و چازانانە دەتوانی مەودای زەمانەکە کورت بکەیەوە و هەموو خڵت و خاڵی ئەوینی بەتاڵی ڕابردوو بسڕیەوە. من بڕیارمداوە لەگەڵ تۆ ببمە هاوژین، هەر لەم ساتەوەش هەنگاوی بۆ هەڵدێنم و ئەمڕۆ یا سبەی داخوازیت دەکەم. شەو بەڵێنم پێدای کە بە ئاواتەکەت بگەیەنم، ئەو کەسە هەر کێ دەبێت با ببێت؟ چەندە خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە خۆم لە ئاوێنەی عەشقی تۆدا دیتۆتەوە..

ئەوجارە هەر من بووم دەدوام و فریشتە بێدەنگ، پێچەوانەی شەوی ڕابردوو، من وڕ وکاس ئەو دەدوا.

فریشتە لە پڕێکدا سەری هەڵبڕی و گوتی: ئەدی (ئەوین)؟

- ئەوین بۆ من ئەوینێک بوو بە مردووی لەدایک بوو! تۆ لەگەڵ دایکت باس بکە، پرس و ڕای پێبکە.

فریشتە لە ژیانێکی نەهامەتیدا و لەوپەڕی هەژاریدا و بەبێ باوکی و بە هەتیوی گەورە ببوو، باوکی ئەوین،

سەرپەرشتیاری ژیانی ئەو بوو !شوێنی باوکی گرتبۆوە. هەتا ئەو مۆری ڕەزامەندی بەو مەسەلە گرنگەی ژیانەوە نەنابا، کەس مافی ئەوەی نەبوو قسەی لێبکا. هەردووکمان دڵنیا بووین، ئەو سۆز و خۆشەویستیەی باوکی ئەوین بۆ ئێمەی هەیە،

لەبری مۆرێک، سەد مۆری لێدەدا و بە دە پەنجە واژۆی دەکا!

لێی دەپرسم، فریشتە ئەگەر ئەوە سەربگرێت و داری هیوای ئێمە بەربگرێت، تۆ دەبێ لە زۆر شت ماڵئاوایی بکەی، لە زێد و وار و نیشتمانت! لە یادوەری و بیرەوەرییەکانت! لە سەردانی بۆ لای خۆشەویستانی ئەو دیوی سنوور! جارێکی دیکە و لە سنوورێکی دیکە لەگەڵ کەلتوورێکی دیکە رابێی؟ تۆ بەرگە ئەوە دەگری؟

فریشتە سەر هەڵدەبڕێ و دەڵێ، ئیدی لەمەولا نیشتمانی من تۆی! ئەوینی من تۆی! سنووری من تۆی! کەلتووری من تۆی!

......فریشتە سەر هەڵدەبڕێ و دەڵێ، ئیدی لەمەولا نیشتمانی من تۆی! ئەوینی من تۆی! سنووری من تۆی! کەلتووری من تۆی!

کاتێک ئەوە لە فریشتە دەبیسم، گەز گەز باڵا دەکەم، بەرز دەبم و بەرزتر، خۆم لە کەشکەڵانی ئاسمان دەبینمەوە. ئەگەر شوێنەکەم نەدیو پەسیو با، تیرتێر لە ئامێزم دەگرت و هەمان ئەو وشانەم بە هەستێکی دیکە دەردەبڕیەوە.

رێک لەو کاتەدا کە باسی چارەنووس و داهاتوومان دەکەین، ماڵی ئەوین دەگەڕێنەوە، جەنجاڵ و قەرەباڵغی و ژاوەژاو دەست پێدەکاتەوە. بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک خۆم لەو جەنجاڵ و قەرەباڵییە دەدزمەوە و جارێکی دیکە لە ئامێزی نێراسدا خۆم دەبینمەوە، رادیۆیەکی بچووکم پێیە و دەچمە ناو جیهانی گۆرانی و مۆسیقاوە، ئەویش تەنیا ئیزگەیەک زۆرترین کاتەکانی بە گۆرانی و مۆسیقا پڕ دەکاتەوە، ئێزگەی کوردی بەغدا. ئەمڕۆ گوێ لەو گۆرانیانەش دەگرم کە جاران چێژم لێوەرنەگرتن، ئەمڕۆ هەموو شتێک شیرینە و هەموو شتێک دڵرفێنە. کاتێک دەگەڕێمەوە لەمێژە نانی نیوەڕۆ خوراوە.

لەباری دەروونییەوە ئارامترم، ئیدی چاوەکانی ئەوین وەک پێشوو لە دەروونەوە نامهەژێنن. لە ژوورەوە دانیشتووم و کتێبێکم بەدەستەوەیە وا دەنوێنم کە دەیخوێنمەوە. لە گۆشە نیگایەکدا جار جارە سەر هەڵدەبڕم و ئاوێنەی کامێراکانی چاوم، چاوەکانی ئەوین و فریشتە لە چوارچێوەیەکدا دەبیننەوە. پرسیارێک لە ناخمەوە وەک قوڵپەی کانییەک، وەک چرۆی گوڵێک سەر دەردەکا. ئەوین یا فریشتە!؟ ئەوە دەبێ چ لۆژێکێک بێت!؟ چ تەرازوییەک بێت عەشق پێوانە بکا! بۆ ئەوین و خۆشەویستی پێوانە دەکرێن ئەگەر بەراستی بێت؟ ئەو شەڕە لەناخمدا بە گوڕتر لە پێشوو سەر هەڵدەدا، کامەیان کامەیان؟ ئەگەر لەگەڵ خۆم راستگۆ بم، لە ئاست فریشتەدا هیچ هەستێکم نییە! بەڵام بۆ ئەوین وا نیم. ئەو زیاتر لە سێ ساڵە لەگەڵم دەژی، ئازارێک بووە پێیەوە تلاومەتەوە. لەگەڵ هەست و خوێنم، لەگەڵ خەو و خەیاڵم، لەگەڵ بوون و نەبوونم تێکەڵاو بووە. ئێستا باش لە هەستی جگەرەکێشەکان دەگەم، ئەوان دەزانن جگەرە ماڵوێرانکەرە! باشتر لە هەموو کەس



سەرچاوە
Serchawe

زیانەکانیـان هەسـت پێکـردووە، ئەزمـوون و تـاقیـانکردۆتەوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا نـاتوانن واز بێـنن. چـونکە لەگەڵ خوێنیان، لەگەڵ خانەکانی جەستەیان تێکەڵاوە. کاتێک سەرهەڵدەبڕم و چاو لە فریشتە دەبڕم، چاوەکانی ئەوین وەک تیشکی لەیزەرێک دەپـڕژێنە نـاو چاوەکـانم. هیچ کـات ئەویـن وەک ئێستا نەبـووە، نـاتوانم بـۆ چرکەیەکیش سەرهەڵبڕم، چاوەکانی ئەوین لە ئاوێنەی چاوەکانی خۆمدا دەبینم، ئەوین بە هەر جوڵەیەکم، بە هەر وتەیەکم بە هەموو شتێکی من هەستیارە.. بـاش دەزانم بەو ڕووداوەی زانیوە. فریشتە بە وتەی خۆی رازی خۆشەویستی منی لە دەروونـدا حەشار دابـوو، تەنـانەت لە خۆشـی دەشـاردە و دەیویسـت بـۆ هەمیشـە بەردێکـی لەسـەردابنێ، بـۆ ئێسـتا لە مـاوەیەکی کەمـدا ئەو رازەی دەربڕیـوە؟! بـۆ ئەوەی خـۆم لەو نیگایـانە بـدزمەوە و لەو گـۆڕانەی لەنـاخی (ئەویـن)دا ڕوویـداوە وردبـمەوە، لە ژوورەکە دەردەکەوم و پیاسە دەکەم.

**هێشتا چەند هەنگاوێک نەڕۆیشتووم ئەوین وەک سێبەر بەدوامەوەیە و خۆی دەگەیەنێتە لام و دەڵێت:**

- پیرۆزە و بەختەوەر بن.

خۆم لە گێلی نادەم و لێیناپرسم تۆ باسی چ دەکەی؟ وەڵامدەدەمەوە.

- تۆش بەبەختەوەری ببینم.

ئەوین سەردادەخات و لێوەکانی توند لەسەریەک دادەنێ و بە ددان لێوی خوارەوەی دەگەزێت و بە دەنگێکی لەرزۆک دەڵێت، من و بەخت و من و خۆشبەختی ئەوەندە لێکدوورین قەت تووشی یەک نابین!

**ژیانم پڕ لە ڕەنجە و نامرادی**
**بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی**

هەمووی ئەو قسـانە لە مەودای کەمتـر لە خولەکێکـدا دەردەبـڕدرێن، فریشـتە لە پشـت سـەرم وەسـتاوە، گەرمی هەنـاسـەی و لێدانی دڵی هەست پێدەکەم .لە ڕووبەڕووشمدا هەمـان گەرمی و هەمـان لێدانی دڵ! بە کـردەوە کەوتـوومەتە نێـوان دوو دڵ، دوو هەسـت، دوو عەشـق. لە ڕووبەڕوومـدا کەسێک هەیە کە تەمەنـم، هەسـت و خولیـام، ئـامـانجم، چەقبەسـتن لە زەمەنـدا بەبێ گۆڕان! و چی و چی و چیترم پێشکەش کـرد. لە پشتەوەم کەسێک هەیە، نیـازی هەیە هەموو ئەو شتـانەی لەدەستم داون بە زیادیشـەوە قەرەبـووی بکـاتەوە. لە ڕووبەڕوومـدا کەسێک هەیە ئـامـادە بـووم هەمـوو شـتێکی لە پێنـاودا دابنـێم بـۆ ئەوەی لەگەڵ من بژی! لە پشتەوەم کەسێک هەیە بە نیازە هەموو شتێک لە پێناوی مندا فیدا بکا! گەرمی هەنـاسە و لێدانی دڵی هەردووکیان هەست پێدەکەم. لە نێوان میلەی بەندیخانەی هەردووکیاندام، حەز دەکەم هەمیشە لەو بەندیخانەیەدا



سەرچاوە Serchawe

بمێنمەوە. ماوەیەک بێدەنگییە و تەنیا چرپەی لێدانی دڵەکانە. شەپۆلی بێدەنگی دەشکێنم و دەڵێم ئیزنم بدەن بڕۆم..

دەڕۆم و وا سی ساڵیش تێدەپەڕێ لێدانی دڵەکان و گەرمی هەناسەکان هەست و ڕۆیشتن لە درزی دیواری ئەو بەندیخایە هەست پێدەکەم.

بڕیارمداوە سبەی خوازبێنی فریشتە بکەم، بەڵام دڵم هێشتا دیلی ئەوینە. بێزم لەخۆم هەڵدەستێ و ڕقم لەخۆم و لەو پیاوانەی وەک خۆم بیر دەکەنەوە دەبێتەوە. هەر شەوی ڕابردوو بوو فریشتە پێی گوتم (....بەڵام ڕەگەزی پیاو فریشتەی ئاسمانیش بخوازن، هێشتا هەر چاو برسین(!!، درۆ لەگەڵ فریشتە و خۆم دەکەم کە دەڵێم ئیدی عەشق و خۆشەویستی ئەوین بۆ هەمیشە مرد! خۆم فریو دەدەم، بەڵام باش دەزانم فریشتە فریو ناخوا. هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی دژ بەو پەیمانە و بەڵێنە هەڵبێنم، خیانەتم بە خۆم و بە فریشتە کردووە. ئێستا بوومەتە پەرژینێک لەنێوان هاوڕێیەتی فریشتە و ئەویندا و خەریکە کڵێ پردی خۆشەویستی نێوانیان بڕوخێنم و پەردەی هاوڕێیەتی چەند ساڵەیان بدڕێنم. بە بەلەمی خەیاڵەوە بە دەریایەکی بەریندا سەوڵ لێدەدەم. بەرلەوەی لەو بەندیخانەیە دەرباز بم، سەیرێکی ئەوین دەکەم و لە چاوەکانیدا پەیامێکی گرنگ دەخوێنمەوە بە پەنجەی دەستی ڕاستی پەیامەکە دەنێرێت. بلوتوسی چاوەکانی من زوو وەریدەگرێت. پەیامێک دەیان جار لە پەنجەکانی من ڕۆیشتووە و وای/فای چاوەکانی ئەو وەریگرتووە. ئەوین لە بروسکەکەیدا دەریدەبڕێ کە بچم بۆ شوێنێک، بۆ هەوارگە و جێژوانگەیەک زۆر جاران لەوێدا بووینەتە یەک جەستە بەڵام نەک یەک گیان. پێچەوانەی دژ بە ریتم و ئاوازی گۆرانی (ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا) بەڵکو دەبووینە جەستەیەک لە دوو گیاندا. پێشووتریش بە فریشتەم گوتبوو (جەستەی بەتاڵی بێ ئەوین وەک شووشەیەکی بەتاڵ دەچێ، بۆ من هیچ چێژێکی تێدا نییە و جەستەیەکی ساردی بێ گیان).

وام بیردەکردەوە جێژوانگەکەمان ئەوەندە پەسیو و نەدیوە جگە لە من و ئەوین و خوا، کەسی دیکە نازانێت، لە ڕاستیشدا وابوو! حەز دەکەم بۆ دواجار لەو جێژوانگەیەدا بە ئەوین بڵێم، ئیدی ئەوینی تۆ بۆ هەمیشە کۆتایی هات، نە جەستەت و نە سۆزت هیچ چێژێکم پێنابەخشێ، پێی دەڵێم جگە لە فریشتە بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەمەوە. ئەگەر بەرەو شاری خۆشبەختی بڕۆم یا بۆ بیابانی بێ بەختی هەر لەگەڵ فریشتە دەمێنمەوە.

خۆم تەنیا لە جێژوانگەدام، تەنیا چرکەی کاتژمێری دەستم و زەنگی لێدانی دڵم دەبیسم، لە چاوەڕوانیدا نە کات دەڕوا و نە زەنگی دڵ لە لێدان دەوەستێ! زەمان لە شوێنی خۆی قفڵ دەبێت، وەک ئەوەی بەرۆژوو بم چاوەڕێی بەربانگ دەکەم. لە مەودایەکی دوور دوورەوە بۆنی ئەوین دەکەم و تەنانەت دەنگی هەنگاوەکانیشی دەناسمەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوین دێت و بە دەنگێکی نزم دەڵێت:

- سڵاو باشی ئەوە هاتم دەمەوێ چەند شتێکت پێ بڵێم.

دەمەوێ ڕۆڵی ئەکتەرێکی شانۆبگێڕم، بەڵام ئەکتەرێکی باش نیم و دەڵێم گوێم لێتە.

- لە دەرەوە پیرۆزبایی و پیرۆزبایییم لێکردی، ئێستاش دەڵێم باشترین کەست بۆ ژیانت هەڵبژاردووە. من فریشتە باشتر لەخۆی دەناسم. هەموو تەمەنمان لێکدانەبڕاوین و پێکەوە بووینە. ئەو دەتوانێت هاوڕێ و هاوسەر و هاوژینێکی باش بێت بۆت. هەمیشە باشی تۆم دەوێت وخۆشبەختی تۆم ویستووە بۆیە دەڵێم بڕیارێکی باشت داوە.

- تۆ و خۆشبەختی من! تۆ و ئاواتی باشی بۆ من! (ئەوین) من چم نەکرد لە پێناوتدا، ئێستا هاتووی داوای ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ من دەکەی؟!!

- تۆ هەر شێتەکەی جارانی! منیش تۆم خۆشویستووە، بەڵام توانیویشمە بەسەرخۆمدا زاڵ بم. لە نێوان چارەنووسی خۆم و مەرگی هەردووکمان، خۆم بە چارەنووس و قەدەر سپاردووە! ئەگەر منیش وەک تۆ جۆڵابامەوە، داروبەرد لێمدەکەوتنە گومان، لە من باشتر دەزانی لە مەملەکەتی مندا، هەزاران کەس تەنیا لەسەر سووکە گومانێک کوژراون، بێ گۆڕ و بێ ناونیشان ماون. تەنانەت ئەوانەی نە گۆڕیان هەیە و ناوونیشانیان لە هەژمار نایەن. بەو ساردی و بێ مەیلییەی خۆم لە ئاستی تۆدا دەیانجار لە لێواری مەرگ تۆم گێڕاندۆتەوە. تۆ ئاوت لە ئاوەڕۆ دەرکردووە و هێڵی سووریشت دەرباز کردووە.

ئێستا لەناخەوە لە دووڕیانێک دام، ئەگەر بڵێم پێمخۆشە لەگەڵ فریشتە ببی بە هاوژین درۆ لەگەڵ ناخی خۆم دەکەم، لە هەموو تەمەنمدا بۆ یەکەمجارە بە چاوێکی دیکە سەیری فریشتە دەکەم و ئیرەیی پێدەبەم، بەڵام زۆریش خۆشحاڵم کە ئیدی زۆمی کامێرای چاوەکان لەسەر ئێمە لادەچن و سیحری گومانەکان بەتاڵ دەبنەوە. من خۆم بە چارەنووس و قەدەر دەسپێرم و هیچ ڕێگایەکی دیکەشم نییە! پێش ئەوەی ژیان بناسم، چارەنووسی منیان بە دەستبەندێکی کەسێکی دیکەوە گرێداوە. ئەوین بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە دەدوا.

منیش دەمم قفڵ ببوو و زمانم لەگۆ کەوتبوو، چاوەکانم لەبری زمان دەدوان و هۆن هۆن دەگریام و لە ئامێزی یەکدا دەگریاین. هەستم کرد لە جیهانێکی دیکەدام جیهانی خەیاڵ و ڕاستیم وا ئاوێتە یەک ببوون، خۆمم نەدەدیتەوە. دوو ئەکتەر بووین لە گۆرانی (خەون لە خەودا)ی هۆمەری دزەیی.. بەڵام ئەوەی ئێمە ڕاستی بوو بە شاباڵی خەیاڵەوە ..



سەرچاوە
Serchawe

(......... ئەیهێشت هەستم، گرتی دەستم، لێوی گەستم، موچرکێکی خۆشی دایگرت سەرتاپای هەناو و هەستم....).
(وێکرا تا مەلابانگدانێ.. تێکئالان و دەستلەملانێ.. لەناکاو دەنگی مەلای هات دایبڕیم لە بەژنی جوانێ).. ڕێک لە لوتکەی فڕیندا و لە جیهانی خەیاڵی شیریندا، نە تەنیا دەنگی مەلا، بەڵکو خودی مەلا هات و ئێمەی لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە هێنایەوە سەر زەوی و مەلی خەیاڵ و حەز و چێژ لە دەریچەیەکی بچووکی جێژوانگەوە فڕی. پێموابوو شوێنەکەمان ئەوەندە نادیارە جگە لە خۆم و ئەوین کەسی دیکە نازانێ، بەڵام دەرگاکردنەوەی لەناکاوی هاوڕێی مەلام! ناخ و جەستەمانی سارد سارد کردەوە... ئای (ئیمام)!

من لەسەر بڕیارەی خۆم سوورم سبەی دەبێ خۆم ئامادە بکەم بۆ خوازبێنی. من و ئەوین لێکدابڕاین و ئەو بەرەو ماڵ و من بەرەو شار دەڕۆم و کەسانی شیاو بۆ خوازبێنی کردن هەڵدەبژێرم.. لە جێژواندا لە ئەوینم پرسی دەبێ باوکت بڕیارێک بەدڵی من و فریشتە بدا و چارەنووسمان پێکەوە گرێبدا؟ هەر وەک فریشتە گوتی دڵنیام دنیا بە ویستی ئێوە دەبێت...

هەر وەک فریشتە گوتی دڵنیام دنیا بە ویستی ئێوە دەبێت ...

بیرۆکەی ئەوینی فریشتە و بڕیاردان بۆ خوازبێنی و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش وەک زەوی لەرزەییەکی بەهێز رایچڵەکاندم، دەمزانی لەسەر گرنگترین مەسەلەی ژیان زۆر بەپەلە و بێ بیرکردنەوە بڕیارمداوە. لە مەودای ڕۆیشتنم بۆ شاردا کەوتبوومە گێژاوی خەیاڵات و خەمان و تەنانەت دەنگە و دەنگ و ژاوەژاوی ناو ئوتۆبۆسەکەش لەو گێژەنە دەربازی نەدەکردم. من و بووم فریشتە، من بووم "ئەوین"، من بووم و هەنگاونان بەرەو جیهانێکی نوێ! ئەمڕۆ هێزێکی دیکەم لە سروشتدا دۆزیەوە، زۆر لە هێزی راکێشانی "نیوتن" سەرنج راکێشتر و بەهێزترە! تێگەیشتم لە دونیای رەگەزی بەرامبەرمدا، هێزی ئێرەیی زۆر لە هێزی راکێشان زیاتر تەنەکان لێک نزیک و دوور دەخاتەوە. بیر لەوە دەکەمەوە جیهانی نوێم پڕاوپڕ دەبێت لە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە ژیان. ئەوەندە لە دەریای خەیاڵاتدا لە مەلەکردن دابووم تەنانەت چەند جار ستۆپە لە ناکاوەکانیش نەیانتوانی لەو گێژەنەم رزگار بکەن. سەرنشینەکانی ناو ئۆتۆبۆسەکە دابەزیبوون، من هێشتا بە فڕۆکەی خەیاڵ بە حەوت تەبەقەی ئاسماندا دەخولامەوە. دەنگی یەکێک لە سەرنشینەکان رایچڵەکاندم (مەلا ئەدی دانابەزی!). بۆ چەند ساتێک نەمزانی لە کوێم و چ دەکەم و دەبێ بۆ کوێ بڕۆم؟ لە چرکەیەکدا هەودای خەیاڵم پسا و تێگەیشتم من هاتوومە شار و دەبێ بچم سەردانی ئەوانە بکەم سبەی دەیانبێرم بۆ خوازبێنی. هەر بە سواری شەمەندەفەری خەیاڵەوە، خەیاڵێک کە گەلێک جاران پەردە دەدڕێ و دەبوو بە حەقیقەت و لەگەڵم دەدوا.. من پەلەم کرد وانییە.... نا بۆ؟ بەرپرسیارێتی ژیانی هاوبەش گەلێک سەختە! بۆ یەکجێ بڕیارتدا؟ بۆ ئەوەی خۆم لە گێژەڵووکە و گەردەلولەی کە چەند ساڵە، یەک یەکی چرای هیواکانم دەکوژێنێتەوە دەرباز بکەم!

هەربەو خەیاڵانەوە دەگەمە شوێنی مەبەست و شەو لەوێ دەمێنمەوە، هیچ کەس گومانی نییە سبەی من دەکەومە قۆناغێکی دیکەی ژیانەوە و ئەگەر ئەڵقەکانی دڵیشمان یەکنەگرنەوە و من و فریشتە ئەڵقەی دەزگیرانداریەتی لە پەنجە دەکەین.
ئەو شەوە تا کازیوەی بەیانی بۆ چرکەیەکیش نەنووستم، بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی فریشتە پەردەی لەسەر رازێکی ئەوین هەڵدایەوە کە بۆ من وەک خەنجەرێک بوو هەست و دڵ و دەروونمی شەقار شەقار کرد؟ خۆشەویستی ئەوین لەنێوان کەسێکی دیکەدا! بەڵام ئەوین لە جێژواندا، لەناو دەربڕینی هەست و فرمێسک و گریاندا شتێکی دیکەی دەردەبڕی.. تۆ بڵێی فریشتە لەوەدا راستگۆ بێ؟ و مەبەستێکی دیکەی لەو دەربڕینەدا نەبێت؟

خوازبینکەر رۆیشتوون و من هەروا لە چاوەڕوانیدام، ئەو ململانێ دەروونییە هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ دەستی پێنەکردۆتەوە. رەوتێکی دژە ئاراستە لە دەروونمدا دەستی پێکردووە. دەزانم لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەدا نیم، بە قەولی پوورم ئاخر من و ژن؟! من و ماڵ!

چاوەڕوانی چ ئازارێکی بەژانە! کات ناڕوات و لە شوێنی خۆی چەق دەوەستێ! میلەکانی کاتژمێر هەر سەیر دەکەی لە شوێنی خۆیانن و جوڵە ناکەن! لە شاردا ئازاری چاوەڕوانی بەژانترە! هیچ لەو دیمەنە دڵرفێنانەی گوند لە شاردا نابینی کە وەک ئارامکەرەوەی دەردی چاوەڕوانین! نە کانی و نە باخ و نە چیا! گەر لە دێ بام هەتا ئێستا لەنێوان باخ و کانی و چیادا لە سەفا و مەڕوادا بووم! نێراس و باخەکەی بەردێ هەردووکیان ئارامم دەکەنەوە. نە تەنیا ئارام بەڵکو بێهۆش و سەرخۆش و سڕم دەکەن !نازانم ئەمڕۆ چەند جار بە پێی ئەوسەر و سەری شار رۆیشتووم و لەگەڵ داروبەرد و شەقام و ئۆتۆمبیل دواوم! سەرم هەڵنەهێناوە و خۆم لەچەند کەس داوە، ئەوانەی بەلامدا رادەبڕن و بە شێت و گەلحۆم دادەنێن! نازانم چەندە شریتی تەمەنم ئەم دیو ئەو دیو کردووە. نیگای پڕ لە بەزەیی و تۆزی لە خۆشەویستی فریشتە وای لێکردم ئەو بەڵێنە بدەم. لە بەڵێنەکەم پەشیمان نیم، بەڵام لە ئاست هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکە هەزارجار پەشیمانم! بەدڵ حەزدەکەم کاتێ خوازبینکەر دەگەڕێنەوە و پێم بڵێن ئەم کارە سەری نەگرت و رازی نەبوون! بە ژان و ئازاری پێیەکانمەوە دەزانم زۆر رۆیشتووم و دەبێ بگەڕێمەوە ماڵی ئەوانەی بۆ خوازبینیم ناردوون و بزانم گەڕاونەتەوە یا نا؟ کاتێ دەگەڕێمەوە دەبینم لەمێژە گەڕاونەتەوە و ئەوان لە چاوەڕوانیمدان. رووگەش و دڵخۆشیان نابینم، بە سەیرکردن دەزانم چ پەیامێکیان پێیە! پێمدەڵێن بەداخەوە ئێمە لە هەلومەرجێکی نالەبار و دۆخێکی نەگونجاودا رۆیشتین و هەموو شتێک تێکچوو و گەیشتینەوە خاڵی سیفر! بێ ئەوەی بپرسم چ بووە؟ درێژە پێیدەدەن و دەڵێن، باوکی "ئەوین" کاتێ باسی خوازبێنیمان لەگەڵ هێنایە گۆڕێ، ئەوەندە تووڕە بوو چەقۆت لێدابا خوێنی لێنەدەهات! چونکە رۆژی رابردووش، کەسێکی دیکە بۆ خوازبێنی کچێکی چووە، کاتێک ئێمەی بینی هەرچی رق و تووڕەیی کۆی کردبۆوە بە ئێمەی هەڵڕشت.

باوکی "ئەوین" روو بە ئێمە گوتی: ئای تووشی چ رۆژگارێکی رەش بووین! دڵمان خۆش بوو، وەک خەڵکی دیکە نین و لە



سەرچاوە Serchawe

دیوی کوێستان خۆمان بە ئاوارە و نامۆ نابینین! ئێمە وەک ئەوانی دی ماڵمان نەشێواوە و لێمان نەقەوماوە! هەموو خزم و کەسمان لێرە دەژین. کەچی لێرە هەر ڕۆژە یەکێک دێت بۆ خوازبێنی! وا دەزانن ئێمە لە خۆشی خۆمان روومان لەودیوە کردووە، نازانن لێمان قەوماوەو پەنامان بۆ ئێوە هێناوە. بەراستی باشتان داڵدە داین! سەد خۆزگە هەڵەبجەیەکی دیکەمان لەسەر تاقیدەکرایەوە، ئەنفال دەکراین و لە برسان و لە سەرمان لە چیاو زۆزانانەدا دەمردین و بێ ناونیشان دەماین، تووشی شکاندنی ئەو کەرامەت و شکۆیە نەدەهاتین.. ئێستا بۆ سەیران و زەماوەند هاتووین یا...... پەیمان بێ لەگەڵ یەکەم کاروانی گەڕانەوەدا دەگەڕێینەوە و چیدی ئەم شورەییە قبوڵ ناکەین!

هەمووومان، من و فریشتە و ئەوین و کەسانی دیکەش لە لێکدانەوەکەماندا بە هەڵە چووبووین، پێمانوابوو ئەو سۆز و خۆشەویستیەی باوکی ئەوین بۆ ئێمەی هەیە، لەبری مۆرێک نا، سەد مۆری لێدەدا و بە دە پەنجە واژۆی دەکا! ڕەنگە هەڵەش نەبووبین، بەڵام بارودۆخەکەمان لێکنەدابووە!

لە شارەوە بەرەو دێ دەگەڕێمەوە، نازانم لەیەکەم نیگا و لەیەکەم دیداردا چۆن ڕووبەڕووی فریشتە ببمەوە؟ دەبێ هەستی فریشتە چۆن بێت، کاتێک کۆشکی بلوورینی چارەنووسی بە کوتکی(نەخێر نابێ)ێک ورد و خاش دەبێت.

فریشتە دەبینم، کراسێکی سپی سپی وەک جلی بووکێنێ لەبەردایە، کاتێک وەژوور کەوتم کامێرای نیگاکان لەسەر ئێمە فۆکۆس کران وەک ئەوە وابێ وێنەمان بگرن. هەست بەشەرمەزاری یا ڕوونتر بڵێم هەست بە دۆڕان و تێکشکان دەکەم، لەیەکەم هەوڵدانمدا بۆ ژیان تووشی شکست هاتم! پێچەوانەی ئەو ئیدیۆم و پەندانەی لەوبارەوە دەگوترێن و دڵخۆشی و ئۆمێد و ژیانەوە دەبەخشن، من بە تێکشکانەکان تێک دەشکێم! قەت خۆم وەک ئەو سوارە نەدیوە گلابم و هەستابمەوە! کە کەوتم، دەکەوم!

دەمەوێ خۆم لە هەرچی نیگایە بدزمەوە و حەزناکەم هیچ کەس بمدوێنێ، ماوەیەک خۆم بە خوێندنەوە خەریک دەکەم، بێ ئەوەی دێڕێکی بخوێنمەوە! بۆ ئەوەی خۆم لەو بارە دەروونییە ڕزگار بکەم دەردەکەوم، بەڵام نازانم سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم، لە هەموو شتێک بێزارم، زیاتر لە هەموو کەس لەخۆم!

دوێنێ زۆر ماندوو بووم و شەوەکەی پێشووش نەخەوتبووم، خەو بە هەردوو پەنجەکانی پێڵووی چاوەکانم دادەگرێت و خەریکە پەردەی پەنجەرەی چاوەکان داداتەوە، ئەوە بە باشترین هەڵ دەزانم بۆ ئەوەی وچانێک بدەم و خۆم لەو بارە دەروونییەی تێیکەوتووم دەرباز بکەم، دەچم لە ژوورێکی چۆڵ دەخەوم. سەرخستنە سەر بالیف و خەوتنم لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا بوو. خەونەکانم وەک گرتەی ڤیدیۆیەکان دەچوون کە زۆر ناشارازایانە لە پاڵ یەک خرابوون (مونتاژ)

کرابوون، خەون لە دوای خەون! لە هەموویاندا من و فریشتە و ئەوین بووین! لە یەکێک لە خەونەکاندا خۆم لە دیوی گەرمێن و لەو چیایەی بە رووکاری رووباری عەلی بەگدا دەڕوانێ دیتەوە، من و فریشتە بووین، دەستی یەکمان گرتبوو و لە ئامێزی یەکدابووین، لە پشتەوە یەکێک پاڵی داین و هەردووکمان لە چیاوە هەڵدێڕاین، زانیم ئەوین بوو. من کەوتمە رووبار و فریشتە سەری بەبەردێک کەوت و هەڵنەستایەوە، لەو خەوەدا هاوارم کرد فریشتە! فریشتە و بەخەبەر هاتم! کە سەرم هەڵێنا فریشتە بەسەرسەمەیەوە، هێشتا لە گوماندابووم لەخەودام یا لە بێداریدا!

- مامۆستا خەونت دی وایە؟

- بەڵێ چۆنت زانی!

- گوێم لە ناوی خۆم بوو! ئێستا لە خەونەکەتدا کابوس بووم یا پەری!

- فریشتە تۆ وەک ناوەکەی خۆت هەمیشە پەری و فریشتەی، بەڵام خەونەکە زۆر ئاڵۆز ناخۆش بوو. با لە جیهان خەون بچینە دەر و لە جیهانی راستیدا ئێمە دۆڕاندمان و سەرنەکەوتین!

- نا، جارێ سەرەتای رێگایە، من پێموایە هەنگاوە قورسەکەمان بڕی. ئەگەر لە پەیمانەکەت لانەدەی دەبێ چەندین جار ئەو رێگایە تاقی بکەیەوە، رۆژێک تێیدا سەردەکەوێ، بەڵام بەو مەرجەی تۆ پیاوانە وەفاداری بەڵێنەکەت بی. کاتێک من و تۆ پێکەوە بین، هیچ تێکشکانێک لە گۆڕێدا نییە.

- فریشتە!

- گیانە!

ئەو گیانە، شیرینترین وشە بوو لە ژیانمدا تا ئەوکاتە بیسبتم، من لازار بووم و ئەو گیانە نەفەسی مەسیحا بوو گیانی نوێی خەستمەوە بەر. بیستۆکی گوێیەکانم وەرینەگرت، بەڵکو راستەوخۆ دڵ وەریگرت و لەگەڵ هەر لێدانێکدا دووپاتی دەکردەوە و ئاوازەی دەدایەوە، گیانە، گیانە!

- فریشتە ئەگەر من ئەو مەردە نەبووم بتوانم بەڵێنەکە بێنمە دی و لەسەر پەیمانەکە بمێنەوە تۆ چی دەکەی؟

- دڵنیام تۆ وا نابی، من هەمیشە لە چاوەڕوانیدا تۆدا دەبم، چاوەڕوانیت رەنگە ببێتە وەرەم و ناسۆرێک لە جەستەمەدا، لە پێشدا دەروونم تێکدەدا و پاشان دەبێتە شێرپەنجە و هەموو جەستەم دەتەنێتەوە... لەپرێکدا کرانەوەی دەرگا و هاتنە

ژوورەوەی ئەوین، ژێی لەرینەوەی دەنگی فریشتەی بڕی و هەردووکمان بێدەنگ بووین.

-----

کاروانی کۆچی کوردان بەرەو گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان دەستی پێکردووە، سنوور دەڵێی رۆژی حەشرە! هەتا چاو هەتەر دەکا ئاپۆرەی جەماوەرە. باوکی ئەوین بەڵێنی خۆی گەیاندە سەر و لەگەڵ یەکەم کاروانی گەڕانەوەدایە! هەموو خزمانی کوێستان بۆ بەرێکردیان هاتوونەتە سەر سنوور! بۆ خزمانی دیوی گەرمین لە ماڵباتەکەی ئێمەدا چەندین ئۆتۆمبیل ریز بوونە. فریشتە و ئەوین لە پشتەوەی ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگردان! ئەمڕۆ هەر چاوەکانن دەدوێن، لە راستیدا بە فرمێسکەکانیان پەیام دەنێرن، هەر فرمێسکێک کۆدێکی نهێنییە و تەنیا بەرامبەرەکەی تێیدەگا و دەتوانێ بیخوێنێتەوەو بیکاتەوە. هەتا سەیری سنوور دەکەی دیمەنی وا دەبینی کە هیچ هونەرمەندێک نەیتوانیوە تابلۆی وا بنەخشێنێ. دیمەنی ماڵئاوایی خزمانی ئێمە بۆ زێد و واری خۆیان زۆر جیایە، کاتێک هاتن لوتکەی نەهامەتی و ناخۆشییەکان بوو، بەڵام بۆ ئێمە و بۆ ئەوان وا نەبوو، بۆ هەردوولامان دیدار نوێکردنەوە و شادبوونەوە بوو بەیەک، کاتێکیش گەڕانەوە هەموو ئاوارەکانی دیوی گەرمین بە شادی و خۆشی دەگەڕانەوە، خزمانی ئێمە نەبێت. سەیری پشتەوەی ماشێنە بارهەڵگرەکە دەکەم، چوار چاو پێکەوە وەک راوچییەک سێرەم لێدەگرن. چاوەکانی ئەوین و فریشتە، دەڵێی تاڤگەن و ئاوێکی زوڵاڵ دەرژێنن. منیش لەناخەوە دەگریم، چەندە بە ژانە ئەو فرمێسکانەی لەبری بکەونە سەر روخسار دەکەونە سەر پەڕەی دڵ.

**ئەو قەسیدە بەرزەی سەعدی دەڵێی لەوکاتدا بۆ رۆحی من گوتراوە:**

**ای ساربان آهسته رو کآرام جانم می‌رود**
**وآن دل که با خود داشتم با دلستانم می‌رود**
**من مانده‌ام مهجور از او بیچاره و رنجور از او**
**گویی که نیشی دور از او در استخوانم می‌رود**

------

**صبر از وصال یار من برگشتن از دلدار من**
**گر چه نباشد کار من هم کار از آنم می‌رود**
**در رفتن جان از بدن گویند هر نوعی سخن**
**من خود به چشم خویشتن دیدم که جانم می‌رود**

(**هاوڕێم کامیل بۆکانی، ئەو شیعرەی بە دڵی من و بە ئیلهامی سەعدی وەرگێڕاوە**)

**هێدی بئاژوێ سارەوان، دەرچوو لە دەست ئارامی گیان**



سەرچاوە Serchawe

وا ئەو دڵەی هەمبوو ئەمن ئەڕوا لە دووی نازداری جوان
من مامەوە ژاکاوی ئەو، داماوی ئەو، شێواوی ئەو
ژارێک لە دووریی چاوی ئەو، ئەڕوا هەتا مۆخی سقان

------

هیوا بە وەسڵی یاری من، یا هاتنەوەی دڵداری من
خۆ گەرچی نینە کاری من، ڕێکدەخرێ ئاوا کارەکان
بۆ باسی گیان دەرچوون لە لەش، ئێژن هەزاران باسی کەش
من خۆم بە هەر دوو چاوی گەش، دیتم کە چۆن دەرچوو ژیان

بەڵێ منیش وەک سەعدی بە چاوی خۆم گیان کێشان و ئاوزینگدانی خۆم دەدی. سارەوان زۆر بە ئارامی دەئاژۆێ و هەتا نەدیو دەبن، چاو و دەستەکان لە جۆڵەدان. ئێستا سنوور هەر خەنجەرێک نییە بەسەر دڵی نیشتمانمدا، سنوور نەشتەرێکە لەناخی دڵی من رادەچێ.

هێمن چەندە جوانی فەرمووە:

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی
لە ئاسمان نی تا وێت ڕانەگا دەستم
لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم
تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور....

**تێبنی:** ئەوە کۆتایی چیرۆکی (کۆڕەوی ئەوین) نەبوو، بەڵکو بەشێکی چیرۆکەکەیە، بەڵام وا بەباش دەزانم لەبری ئەوەی لە فەیسبووک و تۆڕەی کۆمەڵایەتی دیکەدا بڵاویکەمەوە لە کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە تەنانەت ئەگەر خوێنەرێکیشی نەبێت!

بۆ ئەو خۆشەویستانەی حەز دەکەن کۆی چیرۆکەکەیان لابێت و یەکجێ بیخوێننەوە، لینکی چیرۆکەکە بەتەواوی لە خوارەوە دادەنێم

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچ - ٣ی جوونی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ نووسەر سەنگەر شنۆیی بۆنووسین و ئامادەکردنی ئەم چیرۆکە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe